نەوژین

ژمارە (١٣) هەینی ٢٠١٧/١٢/٢٢

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات

منداڵانی خورماتو..
قوربانیە
فەرامۆشەکراوەکان

8««

292 بابەت
خەرمانی ساڵێکی کارکردنی نەوژین

▪ نەوژین

ئەمڕۆ ساڵێک بەسەر دەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (نەوژین) دا تێدەپەڕێت و لەماوەی ساڵێکدا رۆژنامەکە ٢٩٢ بابەتی جۆراوجۆری رۆژنامەوانیی بڵاوکردوەتەوە.

رۆژنامەی نەوژین، وەکو تاکە رۆژنامەی تایبەتمەند بە پرسەکانی ژنان لە گەرمیان، لە بەرواری ٢٠١٦/١٢/٢٢ یەکەم ژمارەی لێبڵاوکرایەوە، لەو کاتەوە هەمو مانگێک ژمارەیەکی بڵاودەبێتەوەو بەم ژمارەیەوە (١٣) ژمارەی چاپ بوە.

لەماوەی ئەو ساڵەدا، رۆژنامەکە ٢٩٢ بابەتی رۆژنامەوانی لە بوارەکانی: (هەواڵ، راپۆرتە هەواڵ، راپۆرت، فیچەر، دیدار، وتار، بابەتی هەمەڕەنگ و وەرگێڕدراو)ی بڵاوکردوەتەوە کەلەلایەن (٥٥) کەسەوە ئامادەکراون یان نوسراون.

سەرگوڵ خەلیل، سەرپەرشتیاری ئەم ژمارەیەی رۆژنامەی (نەوژین)، ئەوەی راگەیاند کە رۆژنامەکەیان بۆ ئەمساڵیش بەردەوام دەبێت لە بڵاوکردنەوە، ئەویش پاش دوبارەپێدانەوەی متمانە لەلایەن سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED.

وتیشی: «شێوازی دەرچون و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە ئەمساڵیش وەکو پار دەبێت و هەمو مانگێک ژمارەیەکی نوێی (نەوژین) دەردەچێت لە دوتوێی ١٢ لاپەڕەدا».

ئاماژەی بەوەشدا کە ئەمساڵ هەوڵدەدەن ژمارەیەک کچی دیکە بهێننە نێو رۆژنامەکەوە، ئەویش دوای ئەوەی خولێکی راهێنانیان بۆ کچانی سنورەکە کردەوە کەسەروی ٦٠ کچ بەشدارییی تێدا کرد.

لەبارەی پلانی ساڵی داهاتویانەوە ئاماژەی بەوەدا کە چەند پرۆژەیەکیان لەبەردەستدایە، لەوانە ئەنجامدانی کۆرس و راهێنانی رۆژنامەوانی بۆ بەهێزکردنی توانای رۆژنامەوانی رۆژنامەنوسانی رۆژنامەکە، هەروەها ئەنجامدانی چەندین چالاکی دیکەی هۆشیاری و رۆشنبیریی.

نەوژین، رۆژنامەیەکی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ لەگەرمیان، بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

بەشێک لە ستافی رۆژنامەی نەوژین لە رۆژی جیهانی ژنان

ژنانی گەرمیان تەنها ٧ پزیشکیان هەیە

2««

ژنە شۆفێرێکی مینی پاس لە کەلار

6««



«لەولەب»، سود و زیان و کاریگەرییەکانی

10««

ژنێک نانەواخانەیەک لە رزگاریی دەکاتەوە

5««

رادیۆیەک لە گەرمیان سەرجەم کارمەندەکانی ئافرەتن

6««

هاوسەرگیریی پێشوەختە.. مۆتەکەی ژیانی کچان

▪ نەوژین، پەرژین کامەران

سارا، لەتەمەنی ١٧ساڵی داو بەبێ خواستی خۆی بەشو درا، بەڵام بەوهۆیەی لەروی کۆمەڵایەتیی و دەرونییەوە ئامادە نەبو بۆ ئەو پرۆسەیە، بۆیە نەیتوانی زیاتر لە ٥ مانگ درێژە بە هاوسەرگیرییەکەی بدات و جیابویەوە.

ئەم حاڵەتەی (سارا)ی روبەڕو بوەتەوە، ئەگەر لەدیدی تێڕوانینی نەریتییەوە شوکردنێکی ئاسایی بوبێت، ئەوا بەپێی یاسا بەشودانی پێشوەختەیەو لە زۆر باریش دا دەچێتە خانەی توندوتیژی دژ بە ژنان.

یەکێک لەو حاڵەتە کۆمەڵایەتییانەی لە گەرمیان بڵاوە و شارەزایان هۆشداری لێدەدەن لەوەی خەریکە دەبێتە دیاردە، هاوسەرگیری پێشوەختە یان هاوسەرگیری خوار تەمەنی ١٨ ساڵیە، قەیرانی ئابوری و پەروەردەی و کۆمەڵایەتی و کلتوری، بەهۆکاری سەرەکی بڵاوبونەوەی ئەم حاڵەتە هەژمار دەکرێن.

بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە چییەو چ جیاوازیەکی هەیە لە هاوسەرگیریی ئاسایی؟

پارێزەر (گۆران ئەنوەر)، بۆ (نەوژین) وتی: «بەپێی یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی١٩٥٩ی عێراقی و هەموارکراو بە یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ لەهەرێمی کوردستان، دەبێت ئەو کەسەی هاوسەرگیریی دەکات تەمەنی ١٨ ساڵی تەواوکردبێت».

رونیشیکردەوە: «لە برگەیەکی یاساکەدا وەکو ماددەی ٨ برگەی ١ لەهەندێک حاڵەتی پێویست دا رێگە بەهاوسەرگیریی پێشوەختە دراوە، ئەگەر ئەو کەسە تەمەنی ١٦ ساڵ بێت و توانای جەستەیی تەواو بێت بە رەزامەندی وەلی شەرعی رێگای پێ دەدرێت بۆ هاوسەرگیریی».

سەرباری ئەم دەرچەیەی لە یاساکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام شارەزایان هۆشداری دەدەن لەم هاوسەرگیرییەو بە خراپ و مەترسیداری دەزانن، چونکە لێکەوتەو کاریگەریی خراپی لە هەمو بوارەکاندا هەیە.

توێژەری دەرونی، ڤیان یەدوڵڵا، بۆ (نەوژین) وتی: «هاوسەرگیری پێشوختە لەناو ئەو خێزانانەی کە کلتور و و نەریتی کۆن پەیڕەو دەکەن، حاڵەتێکی باوە، ئەوان لەو باوەڕەدان کەهەرکات کچ و کوڕ باڵغ بون، دەتوانن خێزانداریی بکەن».

ئەو توێژەرە، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بە «خراپ» و مەترسیدار وەسفدەکات، بەوهۆیەی کچان و کوڕان لەو تەمەنەدا بەتەواوی کامڵ نەبون و ناتوانن بەرگەی ژیانی هاوسەرگیریی بگرن.

هاوکات عەقید (لەمیعە محەمەد)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە گەرمیان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «پرۆسەی هاوسەرگیری لەخوار تەمەنی ١٦ ساڵی ئەگەر تیایدا کچەکە ناچارکرا بەو هاوسەرگیریە، دەچێتە خانەی بەزۆر بەشودانەوە، ئەمەش لەیاسای توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ بە تاوان دادەنرێت و ئەو کەسەی هەستاوە بەزۆرلێکردنی کچێک سزادەدرێت بۆ ماوەی ٣ ساڵ بەندکردن ئەگەر کەسی زۆرلێکراو سکاڵا تۆماربکات».

بەڵام ئەم حاڵەتە ئەگەر لە رابردودا باو و نەریت بوبێت، ئەوا لە چەند دەیەی رابردودا رێژەکەی بەرەو دابەزین رۆشتوە، بەڵام ئێستا جارێکی تر رێژەکەی رو لە بەرزبونەوەیە.

عەقید (لەمیعە محەمەد)، بۆ (نەوژین)ی رونکردەوە «هاوسەرگیری پێشوەختە زیادی کردوە، ئەمەش بەهۆی دروستبونی قەیرانەکان و هاتنی ئاوارەیەکی زۆر بۆ ناوچەکانی هەرێم کە ئەوان بەشودانی کچانیان لەتەمەنێکی منداڵ دا پێ ئاساییە، بەمهۆیەوە هاوسەرگیری خوار تەمەنی ١٨ ساڵ زیادی کردوە».

جەختیشیکردەوە «رێژەیەکی زۆر خێزان لەبەریەک هەڵدەوەشێن بەهۆی ئەمجۆرە هاوسەرگیریەوە».

سارا، ئەو ژنەی کە پێشوەختە بەشودراو دواتر جیابویەوە، ئاماژەی بەوەکرد «بەزۆر لێکردنی خێزانەکەم بەشو درام، کەچی هاوسەرەکەشم هیچ باش نەبو لەگەڵم و زۆر بەخراپی رەفتاری لەگەڵ دەکردم، بەرادەیەک بێزار بوم کە پەنام بۆ خۆکوشتن برد، تا ئەنجامەکەی بەوە گەیشت لێک جیا ببینەوە».

ئەگەر (سارا) لەلایەن دایک و باوکەوە بەشودرابێت، ئەوا کەسانێکی دیکە هەن وەکو (سەیران)، بەهۆی ئەوەی بێ دایک و باوک بوە، بە منداڵی بەشو دراوە.

سەیران، کە ناوی خوازراوی ژنێکی گەرمیانە، وتی: «من لای مامم دەژیام بەوهۆیەی دایک و باوکم نەمابون، هەر زوو لەتەمەنی ١٤ ساڵی دا منیان بەشودا».

وتیشی: «ژیانم زۆر ناخۆشە لەگەڵ هاوسەرەکەم و کێشە و لەیەک تێنەگەشتنی زۆر رودەدات لەنێوانمان، بەڵام بەهۆی بێکەسی و بۆ ئەوەی منداڵەکانم وەکو خۆمیان لێ بەسەر نەیەت، درێژە بەو ژیانە دەدەم کە بەدڵی خۆم بریارم لێ نەدا».

توێژەری دەرونی، ڤیان یەدوڵڵا، ئاماژەی بەوەدا ئەو کچانەی کە بە هەر هۆکارێک لەگەڵ دایک و باوکیان ناژین، لەژیانێکی بەکەم سەیرکردن و بێبەش لەسۆز و خۆشەویستی و دابڕان لەخوێندن، ناچار پەنا بۆ هاوسەرگیریی دەبەن، بەو هیوایەی بچنە ژیانێکی باشترەوە.

عەقید (لەمیعە)ش پێیوایە ئەو هاوسەرگیرییە ناچارییەو مەرجی هاوسەرگیریی لەدەست دەدات «کچ کە بە زۆر بەشودرا، یەکێک لە پایەکانی هاوسەرگیری لەدەستدەدات کە رەزامەندییە، بەمەش ناچار دەکرێت دەستبەرداری ژیانی منداڵی خۆی و خەون و ئاواتەکانی بێت».

ژنانی گەرمیان تەنها ٧ پزیشکیان هەیە

▪ نەوژین، زریان محەمەد

کەمی پزیشکی پسپۆری تایبەت بە ئافرەتان لە گەرمیان کەلێنێکی گەورەی دروست کردوە، بەو هۆیەشەوە قەرەباڵغیەکی زۆر لە نۆرینگەکان دروست دەبێت و دەبێتەهۆی نەمانی متمانە لەلای نەخۆش، ئەمەش وادەکات ژنان ناچار سەردانی دەرەوەی شار بکەن بۆ وەرگرتنی چارەسەر.

کچان محەمەد، (٢٨) ساڵ، دانیشتوی شاری کەلارە، سەبارەت بە کەمی پزیشکی تایبەت بە ژنان بۆ (نەوژین) دەڵێت: «بەهۆی کەمی پزیشکەوە قەرەباڵغیەکی زۆر دروست دەبێت لە عەیادەکان (نۆرینگەکان)، ئەمەش ناچارمان دەکات سەردانی دەرەوەی شاربکەین و بچینە سلێمانی بۆ وەرگرتنی چارەسەر، لە هەمانکاتدا دکتۆرەکان بە هۆی زۆری نەخۆشەوە وەک پێویست گرنگی بە هەریەک لە نەخۆشەکان نادەن».

ئاماژەی بەوەشکرد: گرفتێکی تری کەمی پزیشک ئەوەیە کە بەهۆی زۆری نەخۆشەوە دکتۆرەکان ناچار دەبن چەند نەخۆشێک پێکەوە ببینن، ئەمەش رەنگە لێیان تێک بچێت کە چی لە گەڵ نەخۆشەکانیان دەڵێن.

بە هەمان شێوەی کچان، شیرین وەلی، (٣٢) ساڵ، دانیشتوی شاری کەلارە و بۆ (نەوژین) دەڵێت: «کەمی دکتۆری تایبەت بە ژنان گرفتی زۆری بۆ دروست کردوین و ناچار بە دەرەوەی شارمان دەکات بۆ وەرگرتنی چارەسەر، لەگەڵ ئەوەش ئەو دکتۆرانەی کەلێرەن دەچیتە لایان شتێک دەڵێن سەبارەت بەوە نەخۆشیەی کە هەتە ئەوانەی دەرەوەی شاریش شتێکی دیکە دەڵێن».

> به هۆی کەمی پزیشک و زۆری نەخۆشەوە دکتۆرەکان بە کۆمەڵ نەخۆش دەبینن

وتیشی: «بەهۆی ئەوەی کە نەخۆش زۆرە و پزیشک کەمە گرنگیەکی زۆر بە نەخۆش نادرێت، بۆ نمونە کە دەچیت سۆنەرێک دەکەی بە چەند دەقەیەکی کەم تەواو دەبێت، بۆ ئەوەی نەخۆشێکی زیاتر ببینن، لەگەڵ ئەوەش دکتۆرەکان پلانی بینینی نەخۆشیان نیە وەک دکتۆرەکانی سلێمانی، من دەڵێم لێرە لە بری ئەوە گرنگە بە نەخۆش بدەن تەنها خەمی پارەیانە کە بڕێکی زیاتر پەیدا بکەن».

لەبەرامبەردا پزیشکێکی پسپۆری بواری ژنان هۆکاری کەمی پزیشک لە گەرمیان دەگەڕێنیتەوە بۆ قەیرانی دارایی و نەبونی شوێنی گونجاو بۆ ژیان کردنی دکتۆرەکان وەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

بەناز جەلیل، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون لە کەلار، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «هۆکاری سەرەکی کەمی پزیشکی ژنان لە گەرمیان قەیرانی دارایی و نەهاتنی پزیشکان خۆیانە بەهۆی نەبونی شوێنێکی گونجاو و کەمی شوێنی ئەهلی و گشتی بۆ منالەکانیان».

بەهۆی کەمی پزیشکی ژنەوە زۆرجار کارمەندانی تەندروستی جێگەیان دەگرنەوە

فۆتۆ: تەندروستی گەرمیان

وتیشی: ئەگەر چی ئامارێکی وردی دانیشتوانی ژنانی گەرمیانم لە بەردەست نیە، بەڵام بۆ هەر (١٥) هەزار کەسێک پێویستە دکتۆرێک هەبێت، کەچی ئێمە لێرە تەنها (٧) پزیشکین (٥) پزیشکمان میلاکن و (٢) پزیشکیشمان میوانە (تەنسیب)ە، لە کاتێکدا پێویستە (٦٢) پزیشک هەبێت.

باسیلەوەشکرد: ئێمە هەوڵی زۆرمان داوە لە رێگەی بەرێوەبەرایەتی تەندروستی و ئیدارەی گەرمیان و تەنانەت وەزارەتی تەندروستیش کە داوامانکردوە پزیشکمان بۆ دابین بکەن، بەڵام پزیشکان خۆیان نایەن.

کەمی دکتۆری ژنان لە گەرمیان بوەتە کەلێنیکی گەورە و زۆری نەخۆشیش لە ناوچەکە بوەتەهۆی قەرەباڵغی زۆر لە نۆرێنگەکان و ئەمەش بێمتمانەیی زۆری لەلای نەخۆش دروست کردوە و ناچار رو لە دەرەوەی شار بکەن بۆ وەرگرتنی چارەسەر.

شەیما جەمال کوێخا، چالاکوانی ژنان، سەبارەت بە کەمی پزیشکی تایبەت بە ژنان بۆ (نەوژین) دەڵێت: «کەمی دکتۆی ژنان لە گەرمیان بوەتە کەلێنێکی گەورە و مەترسیەکی زۆر بۆ سەر تەندروستی ژنان، ئەم چەند دکتۆرەشی کە هەن وەک پێویست نین و فریا ناکەون ئەم هەمو نەخۆشە ببین».

باسیلەوەشکرد: بە هۆی کەمی پزیشک و زۆری نەخۆشەوە دکتۆرەکان ناچارن بە کۆمەڵ نەخۆش ببینن، بۆیە زۆرجار ئەمە گرفت بۆ ژنان دروست دەکات پێی خۆش نیە لەلای نەخۆشێکی دیکە باسی نەخۆشی خۆی بکات، بەوهۆیەشەوە نەخۆش ناچار دەبێت سەردانی دەرەوەی شار بکات سەرباری ئەم قەیرانی داراییەی کە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسودەیی باسی نەخۆشی خۆیان بکەن لای دکتۆرێک، «بۆیە کەمی پزیشکی ژنان لە گەرمیان کارەساتە».

لەبەرامبەریشدا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان پێیوایە ژیانی پزیشک لە گەرمیان پارێزراو نییە، بۆیە رو لە ناوچەکە ناکەن.

د. سیروان محەمەد، لە راپۆرتێکی یەکەی چاودێری کەرتی تەندروستی رادیۆی دەنگ دا دەڵێت: «ژیانی پزیشکان لێرە پارێزراو نیە و بە ئاسانی لە پزیشکان دەدرێت، هیچ ئیمتیازێک نیە وەک کرێی هاتوچۆ و پارەی هاندان و ... هتد».

سەنتەرێک ژنانی گەرمیان و ئاوارەکان کۆدەکاتەوە

■ نەوژین، سازان مستەفا

لەکەلار سەنتەرێکی پەرەپێدان بە تواناکانی ژنانی ناوچەکەو ئاوارەکان کراوەتەوە، تیایدا لەرێگەی خول و راهێنانی پیشەییەوە، ژنان ئاشنا دەکرێن بە پیشە و کارە جیاوازەکان، هەروەها بەشی تایبەتیش بۆ بەدواداچونی توندوتیژی و پێشێلکاریەکان بەرامبەر بە ژنان و منالان لەخۆ دەگرێت.

سەنتەری کۆمەڵایەتی کەلار، ناوی ئەو سەنتەرەیە کە بەهاوبەشی لەنێوان رێکخراوی (UNHCR) و رێکخراوی (CDO) لە (٢٠١٧\٤\١٧) ەوە لەشاری کەلار کراوەتەوە، تیایدا خزمەتگوزاریی جیاواز بە ژنانی ناوچەکەو هەروەها ژنانی ئاوارەی سنورەکە، پێشکەش دەکرێت.

شیروان محەمەد غەریب، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە، بە (نەوژین)ی وت: «سەنتەرەکە لەکومەڵێک بوار ئیش دەکات، لەناو ئەو بوارانەی کە هەیە پەرەپێدانی توانای مرۆییە، وەک کردنەوەی خولی هەمەجور چ پیشەیی بێت یان زمان و کۆمپیوتەر بێت».

وتیشی: «مەبەستمان لەم خولانە ئەوەیە خەڵکانێک بێنە ئێرە و سودمەند بن و ئەو پیشانە ببێتە بنەمایەک بۆ بژێوی ژیانیان».

سەنتەرەکە بەپلەی یەک گرنگیی بە ئافرەتانی ئاوارە دەدات، ئەوانەی بەهۆکاری سیاسیی و ئەمنی، لەناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە ئاوارەی گەرمیان بون، بەتایبەت دوای ئاڵۆزیەکانی هاتنی داعش. لەپاڵ ئەوەشدا ژنان و کچانی سنورەکەش سودمەند دەبن لە خولەکانی سەنتەرەکە.

ئاسیا فازڵ، کچێکی بەشداربوی خولی فۆتۆگرافیە، بۆ (نەوژین) وتی: «هەرچەندە ماوەی خولەکە (١٠) رۆژ بو، بەڵام سودێکی زۆر باشم لێبینیوە، ئێستاش دەتوانم بەهۆی ئەو خولەوە وێنەی جوان و پرۆفیشیناڵ بگرم».

هەندێکی دیکە لە بەشدارانی خولەکانی سەنتەرەکە، توانیویانە بەڕادەیەک ئاست و توانایان بەرەوپێشەوە بچێت، کە خۆیان ببنە راهێنەر و خولی راهێنان بۆ فێرخوازانی دیکە بکەنەوە، لەنمونەی (سەحەر جەلیل).

ئەو بۆ (نەوژین) ئاماژەی بەوەکرد یەکێک بوە لە بەشداربوانی خولی درومانی سەنتەرەکە، ئێستا وەکو راهێنەر مەشق بە فێرخوازان دەکات، ئەمەش وەکخۆی وتی پاش ئەوەی بۆماوەیەک کاری درومانی کردوەو بە رادەیەکی باش توانیویەتی لێهاتوبێت تیایدا.

سەرباری خولە پیشەییەکان، وەکو بەڕێوەبەری سەنتەرەکە هێمای بۆ دەکات، لەپاڵ راهێنان و فێرکردندا، ئامانجی هۆشیارییشیان هەیە.

بەڕێوەبەری سەنتەری کۆمەڵایەتی کەلار، وتی: «جگە لە راهێنانی پیشەیی، مەبەست و ئامانجی دیکەمان هەیە، کە ئەویش بڵاوکردنەوەی هۆشیاریە بەناو ژنان دا لەهەر بوارێک بێت چ تەندروستی یان یاسایی یان کۆمەڵایەتی، ئەمەش لەرێگەی کەمپین و سیمینار و چالاکی دیکەی هۆشیارییەوە».

بەشێکی تایبەتی سەنتەرەکە، بۆ پرسی توندوتیژی و وەرگرتنی کەیسەکانی توندوتیژییە، کەلەرێگەی توێژەر و چارەسازی توندوتیژی و کۆمەڵایەتی و یاساییەوە، بەدواداچونی بۆ دەکرێت.

شیرین سابر، لێپرسراوی کەیسەکانی توندوتیژی لە سەنتەری کۆمەڵایەتی

کەلار، بۆ (نەوژین) ئامانجی بەشەکەیانی بەمشێوەیە رونکردەوە «رۆژانە کەیسی زۆرمان بۆ دێت لەهەمو بوارەکانی توندوتیژی و کۆمەڵایەتیی و کێشەی یاسایی ژنان، ئێمەش بەگوێرەی توانا هاوکاریان دەبین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و وەرگرتنەوەی مافەکانیان».

بەشێکی تر لەئیشوکاری سەنتەرەکە پاراستنە، بەتایبەتی پاراستنی منالّ لە هەمو ئەو بوارانەی کە پێویستی بە پاراستن هەیە، چ توندوتیژی بێت یان نەخۆشی یاخود بێبەشکردنیان لەخوێندن.

دیلان یوسف، بەرپرسی دۆسیەی پاراستنی منالّ لە سەنتەرەکە، ئەوەی بۆ (نەوژین) رونکردەوە کە لەسەر هەمو ئەو کەیسانەی تایبەتن بە منالّی خوار تەمەن (١٨) ساڵ کاردەکەن، یاسایی بێت یان دەرونی و تەندروستی بێت.

ئاماژەی بەوەشکرد «ئەو منالانەی کەیسی یاساییان هەیە لەرێگەی پارێزەرەوە بۆی چارەسەر دەکەین، ئەوانەشی کێشەی تەندروستیان هەبێت بەهاوکاری رێکخراوەکان هەوڵی چارەسەر کردن و دابینکردنی پێداویستییە پزیشکییەکانی دەدەین».

شێوازی بانگەشەکردن بۆ کردنەوەی خول و راهێنان و سیمینار لە سەنتەرەکە، لەرێگەی تیمێک لە کچانی خۆبەخشەوەیە لەناو شار و کەمپەکانی ئاوارەکان.

رۆزە هیوا، رێکخەری چالاکیەکانی سەنتەرەکە، بۆ (نەوژین) وتی: «ئێمە لەرێگەی خۆبەخشەکانەوە رێکدەکەوین بۆ کردنەوەی خول لە هەمو بوارەکانی (درومان، زمان، مۆزیک، وەرزش، دەلاکی، ئارایشتگا، کۆمپیوتەر، خۆشنوسی و فۆتۆگرافی و ... هتد).

وتیشی: «هەمو خولەکانمان بێبەرامبەرە و لەرێگای ئۆتۆمبیلی تایبەت بە سەنتەرەوە هاتوچۆ بە بەشداران دەکەین».

ئاماژەی بەوەشکرد کە هەوڵیانداوە خولەکانیان زۆرتر ئاوارەکان تیایدا بەشدار بن و سودی لێببینن «چونکە ئەوان لێرە به ئاسانی ئیشیان دەست ناکەوێت».

کچانی گەرمیان هیچ کافتریاو شوێنێکی پشودانیان نییە

کافتریایەکی تایبەت بە ژنان لە سلێمانی

فۆتۆ: خەڵک

کۆمەڵگا بەرپرسە لەوەی کچان نەتوانن سەردانی شوێنە گشتیەکان بکەن

نەبونی شوێن بۆ پشودان، وادەکات دەرونی مرۆڤ ئاڵۆز بێت

■ نەوژین،
ئاڵا عادل — کاسیا فەریق

سۆلاف، خوێندکارێکی تەمەن ٢٢ ساڵی زانکۆی گەرمیانە، ئەگەر بیەوێت بۆ بەسەربردنی پشویەک یان بینینی هاورێییەک پلان دابنێت، ئەوا هیچ جیگەیەک شک نابات، چونکە لە شارەکەی ئەودا (کەلار)، هیچ کافتریاو شوێنێکی تایبەت نیە کە کچان سەردانی بکەن و پشوی تێدا بدەن.

ئەم کێشەیە بەنیسبەت ژنانەوە لەگەرمیان بەگشتی و کەلار بەتایبەتی، کێشەو خەمێکی گشتگیرە، چونکە لەکاتێکدا بە دەیان کافتریاو شوێنی پشودان بۆ رەگەزی نێر هەیە، بەڵام بۆ رەگەزی مێ هیچ یەکێک بونی نییە.

ژنان سەرباری بونی گلەیی و رەخنەیان لەم روەوە، هاوکات دابونەریتی باوی کۆمەڵگاش بەهۆکار دەزانن لەوەی کافتریا و شوێنی پشودانیان نەبێت، بەوپێیەی کۆمەڵگا بەچاوێکی جیاوازەوە لەوکارە دەڕوانێت.

سۆلاف عومەر، بۆ (نەوژین) وتی: «من پێموایە کۆمەڵگا بەرپرسە لەوەی کە کچان نەتوانن سەردانی شوێنە گشتیەکان بکەن».

وتیشی: «ئەگەر شوێنێکی واش بکرێتەوە زۆر زەحمەت دەبێت کچان بچنە شوێنێکی لەو شێوەیە لەترسی قسەی خەڵکی».

ناوچەی گەرمیان بەهۆی ئەوەی لەروی کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی داخراوە بە بەراورد بە ناوچەکانی تری کوردستان، هەربۆیە ژنان کەمتر دەرفەتی چونە دەرەوەیان پێدراوە، تاڕادەی ئەوەی کە ئەگەر شوێنی وەکو کافتریاش بکرێتەوە، رەنگە ژنان بە ئاسانی نەتوانن سەردانی بکەن.

دونیا ئەحمەد، ٢٥ ساڵ، کچی ماڵەوەیە و دانیشتوی شاری کەلارە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «کردنەوەی شوێنێکی لەو شێوەیە بۆ کچان زەحمەتە، چونکە ئەگەر شوێنێکی گشتیش بکرێتەوە ئەستەمە کچان بڕۆنە ئەوێ».

بەپێچەوانەوە، ژنێکی دیکە وایدەبینێت کە ئافرەتان بەدەستی خۆیان کەوتوە لەوەی حەز و ئارەزو و مافەکانیان بەدیی بێنن.

شیلان خەلیل، ٣٠ ساڵ، فەرمانبەرە لە کەلار، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «راستە کۆمەڵگا هۆکاری زۆرێک لە بەربەستەکانە، بەڵام بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئافرەتان خۆیان، ئەگەر ئافرەتێک توانای کردنەوەی دوکانێکی هەبێت دەشتوانێت شوێنێکی گشتی بۆ کچان و ژنان بکاتەوە».

وتیشی: «لەگەڵ هەمو ئەمانەش کچان خۆیان ئامادە نین ئەو رێچکەیە بشکێنن و رو لەو شوێنانە بکەن».

نەبونی شوێن و کافتریا بۆ پشودان، کچان و ژنان ناچار دەکات پەنا ببەنە بەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و تەلەفزیۆنەکان بۆبەسەربردنی کاتەکانیان و پشو وەرگرتن.

یوسرا جەلال، ٢٢ ساڵ، دوکاندارە لە شاری کەلار، سەبارەت بە نەبونی شوێنیکی تایبەت بەکچان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «پێمباشە شوێنێکی تایبەت هەبێت بۆ کچان، بەو هۆیەوە کچان تێکەڵی کۆمەڵگا ببن زیاتر چاو کراوەتر ببن و توانای تێکشکاندنی ئاستەنگەکانیان هەبێت».

وتیشی: «کچانی گەرمیان لە کۆمەڵگا پەراوێز خراون، مافەکانیان بە تەواوەتی پێشێل کراون».

هەتائێستا ئەوانەی قسەیان کردوە لەرەگەزی مێن، بەڵام ئایا رەگەزی نێر لەمبارەیەوە قسەو کۆمێنتیان چییە؟

رێباز ئەحمەد، ٢١ ساڵ، خوێندکاری زانکۆیە، لەوەڵامی (نەوژین) دا وتی: «ئەگەر شوێنێکی تایبەت بە کچان هەبێت، من خۆم یەکەم کەس دەبم کە خوشکەکەی خۆمی بۆ بنێرم».

بەدەر لەهۆکارە کۆمەڵایەتیەکان، هۆکاری ئابوریش رۆڵی هەیە لەوەی خاوەنکارەکان بیر لە کردنەوەی کافتریاو شوێنی پشودان بۆ ئافرەتان نەکەنەوە.

نەوزاد محەمەد، ٢٧ ساڵ، خاوەنی کافتریایەکی تایبەت بە کوڕانە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «ئەم کافتریایەم کەتایبەتە بە کوڕان ساڵانە ملیۆنێک باجم بۆ دێتەوە، بەڵام ئەگەر تایبەتی بکەم بە کچان، ساڵانە پێنج ملیۆن باجم بۆ دێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆحکومەت کە باجێکی وای دەخاتە سەر کە ئەم کارە شکست بهێنیت».

لەبەرامبەردا، سەرۆکی شارەوانی کەلار، ئەکرەم ساڵەح، وتی: «ئێمە هاوکاری هەر رێکخراو یان کەسێک دەبین و جێگەشمان هەیە لەناو کەلار بۆ پرۆژەیەکی ئاوا تایبەت بەخانمان».

وتیشی: «ئێمە خەریکی پرۆژەیەکین، هەوڵدەدەین لەو پرۆژەیە هۆڵێک یان شوێنێکی حەوانەوە تایبەت بکەین بە خانمان».

بەڵام هۆکارەکەی کۆمەڵایەتی بن یان ئابوری یاخود کارگێڕیی، هیچ لەوەناگۆڕێت کە نەبونی شوێنی پشودان، زیانی بۆ دەرونی ژنان هەیەو وادەکات لەچوارچێوەیەکی قەتیسکراودا بخولێنەوە.

ڤیان یەدوڵڵا، ٣٠ ساڵ، توێژەری دەرونییە، بۆ (نەوژین)ی رونکردەوە: «زۆرینەی رەهای ئەوانەی نەخۆشی و گرێی دەرونیان هەیە لەگەرمیان، ژنانن، بەزۆریش توشی نەخۆشی خەمۆکی و نەگونجان بون».

وتیشی: «نەبونی شوێن بۆ کاتبەسەربردن و پشودانێک بە رۆح و دەرون، وادەکات دەرونی کەسەکە ئاڵۆزتر بێت».

گەرمیان دادوەری ژنی تێدا نیە

پێمخۆشە ئەو دادوەرەی کاری لەگەڵ دەکەم ئافرەت بێت

هیچ ڕێگرییەک نیە لەبەردەم ژنان تا نەبنە دادوەر

■ نەوژین، دیلان ئەکرەم

ئەگەر چی ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە کایەی یاسادا وەکو پارێزەر روی لە زیادبون کردوە، بەڵام ڕێژەی ئافرەتان وەکو دادوەر کەمە، بەشێوەیەک لەگەرمیان دا هیچ دادوەرێکی ژن بونی نییە.

بەشێوەیەکی گشتی مەرجەکانی بون بە دادوەر پیویستی بە هەشت ساڵ خزمەتی پارێزەری هەیە، کەسی پارێزەر بەبێ جیاوازی رەگەزی مافی بەشداری پەیمانگەی دادوەری هەیە بۆ بون بەدادوەر، بەو واتایەی ئەو مەرجەی کەلە یاسای هەندێک وڵاتی عەرەبی و ئیسلامیی دا هەیە بەوەی دەبێت دادوەر لە رەگەزی نێر بێت بە تەنیا، لە یاسای عێراقی و بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان دا بونی نییە.

بەوپێیەی هیچ ڕێگریەک یان پێشێلکردنێکی مافەکانیان لەروی یاساییەوە نیە، بەڵام کەمی و نەبونی دادوەری ژن لە گەرمیان و کەلار بەتایبەتی جێی پرسیارە.

یاسەمین رەسوڵ، کەماوەی چوار ساڵە پاریزەرە، هۆکاری کەمی دادوەری ژن بۆ (نەوژین) باسدەکات و دەیگەرێنێتەوە بۆ «ئەو گرفتانەی دێتە پێش ئافرەت لەوانە هەست و سۆز و ترس لە بریاردان و ترس لە توشبونمان بە نادادپەروەری».

وتیشی: «لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی ماڵەوەو منداڵ بەخێوکردن هۆکاری کاریگەرن».

بەڵام ئایا هیچ کام لە ژنانی پارێزەر نایانەوێت ببن بە دادوەر؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، (یاسەمین) وتی: «تا ئێستا هیچ لە هاورێ پارێزەرەکانم ئەو حەزەیان دەرنەبڕییوە کە بیانەوێت ببن بە دادوەر، من بۆخوم ئەگەر ئەو مەرجە یاساییەم هەبێ هیچ رێگریەکم نیە.»

وتیشی: «پێمخۆشە ئەو دادوەرەی کاری لەگەڵ دەکەم ئافرەت بێت.»

لە کۆی (٢٠) دادوەر لە سنوری دادگایی بەرایی کەلار و دادگای تێهەڵچونەوەی تاوانەکانی کەرکوک/گەرمیان، هیچ دادوەرێکی ئافرەت بونی نیە، سەرباری بونی ژمارەیەک لە ژنانی پارێزەر یان فەرمانبەرانی بواری دادوەریی لە دادگاکان و هەروەها لە داواکاری گشتی.

فاتمە محەمەد، پارێزەر، بۆ (نەوژین) وتی: «ئێستا ڕێژەی ئافرەتی پارێزەر لەگەرمیان زۆرتر بوە، پێشتر لێرە تەنها سێ ئافرەتی پارێزەر هەبون، بەڵام ئێستا ژمارەکە زیادی کردوە و نزیکەی ٢٠ پارێزەری ئافرەتین.»

هەروەها وتیشی: «لەوەتەی لە دادگای بەرایی کەلار کارەکەم نەمبیستوە هیچ ئافرەتێک حەزی بون بە دادوەری هەبێت»، هۆکارەکەشی بو ئەوە گەڕاندەوە کە بەهۆی ئەرکی ماڵ و کۆمەڵگەوە ژنان کەمتر خۆیان لەم بەرپرسیارێتییە دەدەن بەتایبەتی کەوەکخۆی وتی «ژنان هەستیارن بەرامبەر بڕیاردان».

سەرەڕای کەمی دادوەری ژن لە سنوری گەرمیان و کەلار، بەڵام بە پێچەوانەوە رێژەی پارێزەری ژن لە زیادبونە و هاوکات لەگەڵ ئەو رێژەیەش ژمارەی ئافرەتان لە داواکاری گشتیش زۆرن.

سۆران حسێن، پارێزەرێکی شاری کەلارە، بۆ (نەوژین) باسی لەوەکرد: «ئافرەتان بە گشتی کەمتر حەز بە کاری دادوەری دەکەن بە بەراورد بە پیاوان.»

ئاماژەی بەوەشکرد: «پێشتر ئافرەتان بە شێوەیەکی کەم کاری پارێزەرایەتیان دەکرد بەڵام ئێستا زیادی کردوە و ژمارەیەکی زۆری ئافرەت کاری پارێزەری دەکەن و ئەمەش وادەکات لە ماوەکانی دوایدا ژمارەی دادوەری ئافرەتیش زیاد بکات.»

سۆران، دەشڵێت: «هیچ رێگرییەک نیە لەبەردەم ژنان تا نەبنە دادوەر، پیاو و ژن هەمان رێکاری پێویستە تا ببێتە دادوەر.»

«بەشی ناوخۆیی بۆ کچان وەکو سەربازییە بۆ کوڕان»

خوێندکارە دەرەکیەکانی زانکۆی گەرمیان چی لەبارەی بەشە ناوخۆییەکەیانەوە دەڵێن؟

■ نەوژین، پەیام لەتیف

سەدان کچ لە بەشی ناوخۆیی زانکۆی گەرمیان دەمێننەوە، ئەوان لەلایەک باسلەوەدەکەن ژیانی بەشی ناوخۆیی تاڕادەیەک گرانە بۆیان، لەلایەکی تریشەوە ئەوە دەڵێن کە بەشەکەیان تاڕادەیەکی زۆر باش و بێکێشەیە.

مانەوە لەبەشە ناوخۆیی بۆکچان ژیانێکی تازەو پڕ لەبەرپرسیاریەتیە، قەبوڵکردنی زۆرشت کەپێشتر بەلایانەوە ئەستەم بوە، دوری لەخێزان و شوێنی خۆیان، ناسینی زۆرکەس وبینینی شوێنێکی تازە بۆ ژیان، کەهەمو ئەمانە پێویستیان بە راهاتن وخۆگونجاندن هەیە.

بەشەناوخۆیەکانی زانکۆی گەرمیان کەبەلای زۆرێک لەخوێندکارانەوە سەرەڕای هەندێک «کەموکورتی بچوک»، بەڵام لە زۆر شوێن باشترەو خزمەتگوزایەکی زۆریشی بۆ ئەنجامدراوە.

رازاو مەحمود، کە خەڵکی دەربەندیخانەو لەبەشەناوخۆی دەمێنێتەوە، خوێندکاری بەشی باخچەی ساوایانە. لەبارەی ژیانی بەشی ناوخۆییەوە دەڵێت: «بەشی ناوخۆیی بۆ کچان رێک وەک ئەوە وایە چۆن پیاو سەربازی بکات، چونکە تۆ لەخێزان دوری و دەبێت لەهەمو شتێک خۆت بەرپرسی خۆت بیت وخواردن دروست بکەیت».

لەبارەی کەموکورتیەکانیشەوە وتی: «بۆڕی تەوالیەتەکان خراپبوە بەردەوام ئاوی لێدەچێت بەڵێنمان پێدراوە کە چاک بکرێت، بەڵام تائێستا چاک نەکراوە، لە روەکانی ترەوە زۆرباش و بێ کێشەین».

ئەوە خوێندکارانەی یەکەم ساڵیانە هێشتا رانەهاتون بەژیانی بەشی ناوخۆیی و هەندێکجاریش کێشەی خۆگونجاندنیان هەیە.

سازان مەحمود، کەخەڵکی سەنگاوەو خوێندکاری بەشی جوگرافیایە، دەڵێت: «بەشە ناوخۆیی (داخلی) بۆ ئێمە کەجارێ رانەهاتوین ناخۆشە، بەردەوام بیری ماڵەوە دەکەم، کاتێک لەداخلی دەمێنیتەوە ئەوکاتە قەدری دایک وباوک و بۆ دەردەکەوێت کەدەچیتە سەر خواردنی ساردوسڕو دەبێت لەهەموشتێک ئاگاداری خۆت بیت».

بەپێی ئاماری زانکۆی گەرمیان، (٤١٢) کچ لەبەشە ناوخۆیی کەمپی زانکۆ لە بەردەسور دەمێننەوە.

هاوسەر ئیبراهیم، بەڕێوبەری کاروباری خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، لەبارەی ئەو کەموکورتیانەی لە بەشە ناوخۆییەکان دا هەیە، دەڵێت: «ئێمە هەر لەسەرەتای دەوام لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی گەرمیان سەردانی بەشە ناوخۆیەکەمان کرد بۆگوێگرتن لەکێشەوگرفتەکانیان وبریاردرا بری پانزە ملیۆن دینار دابینبکرێت بوچاککردنەوەی ئەو گرفتانەو ئێستاش دەستمان بەجێبەجێکردنی کردوە».

وتیشی: «زۆرشت کراوەو پێداویستیە سەرەکیەکانی وەک ئاوی گەرم کارەبامان بۆ دابینکردون».

بۆ ئەوکچانەی کەخەڵکی دوزخورماتون ژیانی داخلی ئەمساڵ بۆ ئەوان زۆر قورسە لەڕوی دەرونیەوە، بەردەوام بیریان لای خێزانەکانیانەو لە روی مادیشەوە ژیانێکی سەخت دەگوزەرێنن.

راز محێدین، خەڵکی دوزخورماتوە و خوێندکاری بەشی کوردیە، بۆ (نەوژین) وتی: «ئێمە سەرەڕای ئەوەی لەشار دەرکراوین بەهۆی خوێندنەوە دورین لەخێزانەکانمان کە بەردەوام بیرم لای ئەوانە کە لە گوندێکی نزیک دوز دەمێننەوە، بیرم لای خوشک وبراکانمە کە هەمویان لەخوێندن دابڕاون».

دەشڵێت: «بەدڵنیایەوە ئێمە ناتوانین وەکو جاران مەسروف بکەین چونکە زۆرینەمان ئێستا خێزانەکانمان بێکارن، بەبێ ئەوەی رەچاوی بارودۆخی تەلەبە دوزیەکان بکرێت لەلایەن حکومەتەوە».

هەشت کچ کەخەڵکی دوزخورماتون لەبەشە ناوخۆی دەمێننەوە هەموشیان بارودۆخی مادیان تاڕادەیەک لەیەکەوە نزیکە.

گوڵاڵە کەریم، خوێندکاری بەشی کیمیایەو خەڵکی دوزخورماتوە، دەڵێت: «خێزانەکەم ئێستا لەکەلار دەژین، بەڵام بەهۆی ئەوەی من یەکەمم ناتوانم لەماڵەوە بخوێنم چونکە ئێستا ماڵەوە زۆر قەرەباڵغە».

وتیشی: «بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەرمان هات، ئێمە ناتوانین ئەو شتانەی پێویستمانە بەتەواوی بیکڕین، ناتوانین وەک جاران لەماڵەوە شت بێنین بۆداخلی».

لەبارەی هاوکاریکرنی ئەو خوێندکارانەی کەخەڵکی دوزخورماتون، بەڕێوبەری کاروباری خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، وتی: «سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان بڕیاری داوە میوانداری ئەو خوێندکارانە بکات کەلەدوای ئەوە روداوانەوە لەدوزەو ئاوارەبون و هاتون بۆ ئێرە بۆ ئەوەی ساڵێکی خوێندنیان نەفەوتێت».

دەشڵێت: «بەهۆی ئەم روداوانەوە تائێستا سێ کچ داوای بەشە ناوخۆیان کردوەو ئێمەش هاوکاریمان کردون بەپێدانیان».

ژنێک نانەواخانەیەک لە رزگاریی دەکاتەوە

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

بۆیەکەمجار ژنێک لەناحیەی رزگاریی نانەواخانەیەکی تایبەت دەکاتەوە، لەرێگەیەوە توانیویەتی بژێوی خۆی و دو منداڵەکەی دابین بکات، هاوکات بوەتە جێی سەرنج و خۆشحاڵیی کڕیارەکانی.

ئاشتی محەمەد، ٣٦ ساڵ، لەناو ناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلار، نانەواخانەیەکی بەناوی (نانەواخانەی کوردەواریی) کردوەتەوە، سەعاتەکانی رۆژ بە کارکردن لە نانەواخانەکەی و دروستکردنی نان بۆ هاوڵاتیان بەسەر دەبات.

لە دیدارێکی رۆژنامەی (نەوژین) دا، بەمشێوەیە سەرەتاکانی چیرۆکی نانەواخانەکەی گێڕایەوە «دوای ئەوەی لە هاوسەرەکەم جیا بومەوە، لەماڵی باوکم ئەژیم و خاوەنی دو منالّم کچێک و کوڕێک،هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی وایلێکردم کە بیر لەم کارە بکەمەوە».

لەوەتەی قەیرانی دارایی روی لەهەرێمی کوردستان کردوە، ژنان نانکردنیان لەماڵەوە گواستوەتەوە بۆ کارگەو دوکانی نانەواخانە، کە ئەمەش پێشتر تاڕادەیەک حاڵەتێکی نامۆ و دەگمەن بو، ئەمە سەرباری ئەوەی بە عەیبەش دەزانرا.

ئاشتی، بە هیوایەکی زۆرەوە باسلەوە دەکات کە کارکردن بۆ ئەو سەربەرزیە نەک عەیبە «کارکردنم بە سەربەرزیی دائەنەم، چونکە هەمو کەس توانای کارکردنی هەیە و هەمو کەسیش شایستەی ئەوەیە هەر کارێک بکات کە بتوانێت بژێوی پێ پەیدا بکات و هیچ عەیبەش نیە کە ژنێک کاری نانەوا بکات».

> کەسوکارم پێیان خۆشبو ئەم نانەواخانەیەم داناوە

ئەو ژنە لەگەڵ دو منالّەکەی دا لەماڵی باوکی دەژێت و وەکخۆی هێمای بۆ کرد ماڵی باوکی پێداویستیەکانیان بۆ دابین دەکرد، بەڵام ئەم حاڵە بێزاری کردبو، بۆیە بڕیاری داوە ئەم کارە بکات، هەم بۆ بژێوی خۆی و هەم بۆ کارئاسانی ماڵی باوکی.

ئاشتی بەدەم خەندەیەکی شیرینەوە بەردەوام بو لە باسکردنی چیرۆکی کارکردنی، ئەوە دەگێڕێتەوە کە خەڵکی زۆر دڵخۆشن بەو کارەی کە دەیکات و تەنانەت یارمەتیدەری بونە و چەند کەرەستەیەکیان بەدیاری بۆ هێناوە «هەمو دراوسێ و خزم و کەسوکارم زۆریان پێ خۆشبو کە ئەم نانەواخانەیەم داناوە، هیچ کات توانج و قسەی ناخۆشیان پێنەوتم، بەڵکو دەستخۆشی زۆریان لێکردوم و خۆشیان هاوکارم بون و تەنانەت چەند کەرەستەیەکیان بەدیاری بۆ هێناوم».

> کارکردنم بە سەربەرزیی دائەنەم

بەڵام ئایا ئەم کارەی ئاشتی تاچەند لەلایەن خێزانەکەیانەوە پشتگیریی دەکرێت؟

ئاری، برای (ئاشتی)یە، لەوەڵامدا بۆ (نەوژین) وتی: «هەمیشە پشتگیری ئەکەم و یارمەتی دەدەم لەهەر کارێک دا کە خۆی بیەوێت، ئەم کارەش کە ئاشتی خوشکم دەیکات شانازیە بۆ من و قەت نابم بە رێگر، بەڵکو هانی دەدەم بەردەوام بێت».

کاتی کارکردنی نانەواخانەکە لە حەوتی بەیانی تاوەکو پێنجی ئێوارەیە، تیایدا سێ جۆر نان دروست دەکرێت (نانی جۆ، نانی گەنم و نانی ساجی). وەک خۆی دەڵێت: «قازانجی رۆژانەشم تاڕادەیەک باشە و بەشی بژێوی خۆم دەکات».

وادیارە کردنەوەی نانەواخانەیەک کە ژنێک بەڕێوەی دەبات، لەلایەن دانیشتوانی ناحیەکەوە پێشوازیەکی باشی لێدەکرێت.

شاناز، کڕیارێکی نانەواخانەکەیە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من کە مامۆستام و دەوامم هەیە بۆیە زۆر قورس دەبو کە خۆم نانم بکردایە، بەڵام ئیستا کە ئەم نانەواخانەیە کراوەتەوە لێرە بەحازری نانەکەم دەبەمەوە».

وتیشی: «پاکوخاوێنی ئەم نانەواخانەیە وایکردوە داواکاری زۆری لەسەر بێت و خەڵکی بە گەرموگوڕیەکی زۆرەوە سەردانیان بکات».

یاسین کە کڕیارێکی دیکەی ئەو نانەواخانەیە، هاوڕایە لەگەڵ (شاناز) و دەڵێت: «نانەواخانەکە پاکوخاوێنەو خۆیشی لەمامەڵەکردنی دا بەڕێزە لەگەڵ کڕیارەکان دا، بۆیە ئێمەش بەبەردەوامی نانی لا دەکڕین»

کچان دەبنە نوێنەری «مندوبی» کۆمپانیاکان

■ نەوژین، رۆژان عەزیز

لەم ماوەیەدا کاری نوێنەرایەتی کردنی کۆمپانیاکان کە بە «مندوبی» ناسراوە لەگەرمیان روی لە برەو کردوە، هاوشانی ئەوەش ژمارەی ئەو کچانەی لەم بوارەدا کاردەکەن، بەهەمانشێوە رویان لە زیادبون کردوە.

زۆرێک لە کۆمپانیاکان، لەناوچە جیاوازەکان کۆمەڵێک خەڵک دەخەنە کارەوە کە نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن بۆ گەیاندن و پێفرۆشتنی بەرهەمی کۆمپانیاکە بە پێشانگاو دوکانەکان. لەگەرمیانیشدا ژمارەی ئەو کچانەی لەم بوارەدا کاردەکەن، روی لە برەو سەندن کردوە.

«تەنیا وەکو خولیا ئەم کارە دەکەم و ئاسودەم لەکارەکەم»، ئەمە قسەی (سۆلین فاروق)ی تەمەن ٢١ ساڵ بو کەماوەیەکی کەمە روی لە کاری «مندوبی» کردوە.

ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «من وەک حەزی خۆم روم لەم کارە کردوە، جگەلەم کارەش لەماڵەوە کاری دەستی دەکەم و بە کریارانی دەفرۆشم و ماڵەوەش پاڵپشتیم دەکەن و ئاسودەم بەکارەکەم».

کرۆک و کاری سەرەکی پیشەی «مندوبی»، ئەوەیە کە رۆژانە کەسەکە بەسەر ئەو دوکان و پێشانگایانە بگەڕێت کە کڕیاری بەرهەمەکانی کۆمپانیاکەن و هەر بڕێک لەو بەرهەمانە کە دەیانەوێت، بیگەیەنن بە فرۆشگاکان، ئەم کارەش ژنان بەگشتی لەگەرمیان شانیان داوەتە ژێری و توانیویانە تیایدا سەرکەوتو بن.

لەگەڵ ئەوەی هاوسەرگیری کردوە و منالّی هەیە، (شادان ئەحمەد)ی ٢٥ ساڵ، بەباوەڕبەخۆبونێکی زۆرەوە، روی لەم پیشەیە ناوە.

بۆ (نەوژین) وتی: «هەرچەندە هاوسەرگیریم کردوە و منالّێکم هەیە، بەڵام ئەمە نەبوەتە رێگر لەبەردەم کارەکەم و هاوسەرەکەم پشتگیریم دەکات».

> کچان لە کاری مندوبی زۆر باش و چالاکن

وتیشی: «کاتی کارکردنم دیاری نەکراوەو بەو کەسانەی کاریان لەگەڵ دەکەم ئاسودەم و کەسانی باشن و بەهۆی کارەکەمەوە هاوڕێیەتی لەنیوانمان دروست بوە و مامەڵەیان باشە لەگەڵم».

سەرباری لایەنە مادیەکەی، بەڵام بەشێکی تر لە کچان کاری نوێنەرایەتیکردنی کۆمپانیاکان بە ماندوبون دادەنێن، ئەمەش وایان لێدەکات بەردەوام نەبن و وازی لێبێنن.

خەیاڵ محەمەد، ٢٣ ساڵ، یەکێکە لەو کچانەی ماوەیەک ئەم کارەی کردوە. بۆ (نەوژین) وتی: «کارەکەم زۆر پێخۆش بو و لەگەڵ دوکاندارەکانیش کێشەمان نەبو بەڕێز بون، بەڵام بەهۆی هیلاکی و ماندوبونی زۆرەوە دەستبەرداری بوم».

وتیشی: «کارەکەم خۆش بو، بەڵام ماندوی دەکردم و لەم ماوەیەی دواییدا واهەستم کرد ناتوانم وەکو سەرەتا بە گڕوتین و گرنگیپێدانەوە بیکەم، بۆیە وازم لێهێنا».

فرۆشگایەک لە کەلار کە لەرێگەی مندوبەکانەوە کەرەستەکانی پێدەگات

وادیارە کچانی گەرمیان لەم کەرتەدا توانیویانە لەماوەیەکی کەم دا جێپەنجەی خۆیان دیاری بکەن و تیایدا سەرکەوتو بن، ئەمەش بە گەواهیدانی بەڕێوەبەری یەکێک لە کۆمپانیاکان کە کچانیان وەکو «مندوب» لەلای خۆیان دامەزراندوە.

هیوا محەمەد، بەڕێوبەری یەکێک لەو کۆمپانیایانەی کچان کاری مەندوبیان لادەکەن، بۆ (نەوژین) وتی: «کەسی مەندوب ئەبێت چالاکیی و لایەنی زمانەوانی باشبێت و بتوانێت بەشێوازی باش خاوەن دوکان تێبگەیەنێت لەوەی مادە و کەرەستەکان چۆنن و بۆچی باشن تا پێیان بفرۆشێت، مەندوب هەیە بەتاک کاردەکات وهەشە بە کۆ (جملە) کاردەکات و موچەشیان بەپێی فرۆشیانە، تازیاتر بفرۆشن موچەیان زیاترە».

لەبارەی کاروچالاکی ئەو کچانەی لەلایان کاردەکەن، هیوا محەمەد، وتی: «لەکارکردن زۆر باشن و چالاکن و لییان رازین». ئاماژەی بەوەشکرد زۆرتر ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی ئارایشت و جوانکارییان سپاردوە بە مندوبە ژنەکان «چونکە ئافرەت زیاتر شارەزایە لەم بوارەدا».

سەرباری ئەم رازیبونەش، بەڵام ئەو بەڕێوەبەرە پێشیوابو کە هێشتا کارەکە بەتەواوی ئاسان و ئاسایی نەبوەتەوە بۆ کچان، بەڵکو هەندێک سڵەمینەوەیان هەیە.

لەوبارەوە وتی: «کچان زۆرجار ئامادە نین بگەڕێن و بڕۆنە دوکانەکان، بۆیە کەمن ئەو کچانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن و هێشتا بەهۆی دابونەریت و رێگری کۆمەڵایەتییەوە بەتەواوی بەم کارە رانەهاتون».

ڕادیۆیەک لە گەرمیان سەرجەم کارمەندەکانی ئافرەتن

«با ئافرەت دەستی نەگیرێت، بەڵکو ڕۆڵی پێبدرێت»

■ **نەوژین،**
زریان محەمەد- جوانە جەلیل

ڕادیۆی کازیوە، ڕادیۆیەکی لۆکاڵی (ناوخۆی)یە، بۆماوەی زیاتر لە چوار ساڵە لە سنوری ئیدارەی گەرمیان پەخش دەکات، ئەوەی ئەم ڕادیۆیە جیا دەکاتەوە لە ڕادیۆیەکانی تری گەرمیان ئەوەیە کە هەمو کارمەندەکانی ئافرەتن.

ڕادیۆی کازیوە لە (١-٩-٢٠١٣) دەستی بە پەخش کردوە، ڕادیۆکە زمانحاڵی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستانەلەوەدەکەن کە دڵخۆشن بەکارکردنیان لەم دەزگایە.

ئاوات ئەحمەد، (٢٧) ساڵ، بێژەرە لە ڕادیۆکە، سەبارەت بە کارکردنی لە ڕادیۆی کازیوە بۆ (نەوژین) دەڵێت: «وەک دوەم ئافرەت لە ساڵی (٢٠١٣) کارم کردوە لێرە، یەکەم وێستگەی کارکردنی ڕاگەیاندنیشمە، بە حەزی خۆم هاتمە بوارەکەوە و هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامم».

وتیشی: من سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ دەست کردنم بە کاری ڕاگەیاندن خوێندکار بوم، بەڵام هەر بەردەوام بوم و هاوسەنگیم لە نێوان هەردوکیان بە باشی ڕاگرت.

زۆرجار باسلەوەدەکرێت کارکردن لە دەزگایەکی حزبی و پابەندبون بە یاساو ڕێساکانی ئەو حیزبە سەخت دەبێت، کارمەندانی ڕادیۆی کازیوە لەوبارەوە چی دەڵێن؟

شەیما مەحمود، (١٩) ساڵ، بێژەرە لە ڕادیۆکە، بۆ (نەوژین) وتی: «من لە تەمەنی (١٤) ساڵیەوە هاتومەتە نێو دونیای ڕاگەیاندنەوە و لە چەندین دەزگا کارم کردوەو تاوەکو ئێستاش بەردەوامم و کۆتا وێستگەشم ڕادیۆی کازیوەیە».

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەگەرچی کازیوە ڕادیۆیەکی حزبیە، بەڵام ئاسودەیم لێرە و باشی بەڕێوەبەرەکەم کەوا هیچ کات وەک بەڕێوەبەر مامەڵەی لەگەڵ نەکردوین، بەڵکو وەک هاوڕێ بوە لەگەڵمان و کارکردنمان بە دەستە جەمعی وایکردوە لێرە بەردەوام بم.

داخراوی کۆمەڵگە و زاڵبونی دابونەریت بەسەر خێزانەکاندا خەونی زۆرێک لە کچانی لەگۆڕناوە، بەڵام بەشێک لە کچان ئەو نەریتەیان تێکشکاندوە و لە تەمەنێکی زۆر کەمدا رویان لە ڕاگەیاندن کردوە.

شۆخان ڕۆستەم، (٢٥) ساڵ، بێژەری ڕادیۆی کازیوەیە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «سەرەتای دەستپێکردنی کارم بۆ ماوەی نزیکی دو ساڵ لێرە کارم کردوە، بەڵام دواتر بە هۆکاری تایبەت بۆ ماوەیەک دابرام، ئێستاش گەڕاومەتەوە و دەستم بە کاری ڕاگەیاندن کردوەتەوە هەر لە کازیوە».

باسیلەوەشکرد: بەهۆی بونی ئاسودەیم لێرە و حەزی خۆم و باشی بەڕێوەبەرەکەم و دڵخۆشیم لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەی ئێستا پێکەوە کاردەکەین وایکرد دیسان بێمەوە ئێرەو درێژە بە کاری ڕاگەیاندنم بدەم.

بەشێکی زۆر لەو کچانەی ئارەزوی کاری ڕاگەیاندن دەکەن و توانایەکی باشیان هەیە لەو بوارەدا، بەهۆی پشتگیری نەکردنی خێزانەکانیان ئەو ئارەزوەیان لەبار دەبەن، بەڵام کچانی کارمەندی ڕادیۆی کازیوە بەهۆی پاڵپشتی خێزانەکانیانەوە بە خەون و خولیای خۆیان گەشتون.

ئاشنا یوسف، (٢٣) ساڵ، مۆنتێرە لە ڕادیۆی کازیوە، وتی: «من بۆ ماوەی (٣) مانگە لێرە دەست بەکار بوم و بە حەز و خولیای خۆم و پاڵپشتی خێزانەکەم هاتومەتە نێو بوارەکەوە».

وتیشی: ئەگەر چی ئەو بڕە پارەیەی لە بەرامبەر کارکردنمان لێرە وەریدەگرین بەشی دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانمان ناکات، بەڵام ئەگەر هیچ داهاتێکیش وەر نەگرم لێرە ئامادەم هەر بەردەوام بم، چونکە دونیای ڕاگەیاندن ئارەزوی مناڵی منە.

باسیلەوەشکرد: باشی مامەڵەکردنی بەڕێوەبەرەکەم و بونی ئاسودەیم لێرە هێندەی تر دونیای ڕاگەیاندنی لەلا جوانتر کردوم.

پێچەوانەی ئەو بیرو بۆچونانەی کە پێیان وایە ئافرت لە ژێر سێبەری پیاوێک نەبێت ناتوانێ سەرکەوتو بێت، بەڵام بەڕێوەبەری کازیوە پێی وایە پێویستە ئافرەت نەک دەستی بگیرێت بەڵکو ڕۆڵی پێبدرێت.

کاروان عەلی، بەڕێوەبەری ڕادیۆی کازیوە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من وەک خۆم زۆر بڕوام بە توانا و لێهاتویی ئافرەت هەیە، پێچەوانەی ئەو بیرو باوەڕەم کە دەڵێن ئافرەتی کورد پێویستە دەستی بگیرێت، من دەڵێم ئافرەت دەستی نەگیرێت بەڵکو ڕۆڵی پێبدرێت، بۆیە ئافرەتی ئێمە بەتواناترین ئافرەتن لە دونیادا».

ژنە شۆفێرێکی مینی پاس لە کەلار

■ **نەوژین، فاتمە جومعە کەریم**

لەگەرمیاندا دەیان و بگرە سەدان ئافرەت هەن کە شۆفێری دەکەن، بەڵام زۆرینەیان ئۆتۆمبیلی تایبەتیان پێیەو شۆفێرییان نەکردوە بەپیشە، هەربۆیە بونی ژنە شۆفێری مینی پاس و تاکسی، حاڵەتێکی دەگمەنە، بەڵام ژنێک لە کەلار، ئەم حاڵەتەی کە لە خەون دەچێت، کردوە بە ڕاستیی.

نەخشە غەریب، ژنێکی تەمەن ٣٢ ساڵانی دانیشتوی قەزای کەلارە، ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە شۆفێریی دەکات، ئێستاش مینی پاسێکی هەیەو هاتوچۆ بە کچانی خوێندکار دەکات و بۆ زانکۆ دەیانگوێزێتەوە.

ئەو هەمو ڕۆژێک بە گەڕەک و ناوچە جیاوازەکاندا دەگەڕێت و نەفەرەکانی سەردەخات و دەیانگەیەنێتە زانکۆ، لەوێشەوە دوای تەواوبونی دەوامەکانیان، بەرەو ماڵەوەیان دەباتەوە.

لەدیدارێکی ڕۆژنامەی (نەوژین) دا، ئەو ژنە گەڕایەوە سەر سەرەتاکانی دەستبەکاربونی وەکو شۆفێر.

ئاماژەی بەوەکرد کە سەرەتا و پێش ئەوەی ببێت بە شۆفێر، بەوهۆیەی مناڵەکانی نەخۆش بون، خۆی بە ئۆتۆمبیلە تایبەتەکەیان دەیگەیاندنە قوتابخانە، دواتر ئەو کارەی پەرەپێداوەو کردویەتی بە پیشەیەک کە بۆ بژێوی ژیانی پشتی پێیبەستێت.

وتی: «بەهۆی نەخۆشی مناڵەکانمەوە، دەبوایە هەفتەی جارێک سەردانی پزیشکم بکردایە کە لەشاری سلیمانی بو، خۆم ئەم کارەم گرتە ئەستۆ، لەوەودوا دەستم کرد بە گواستنەوەی خوێندکاران و تائێستا بەردەوامم».

ئەو ژنە بەهۆکاری خێزانیی نەیتوانیوە لەکاتی خۆیدا خوێندن تەواو بکات، بەڵام ئەمە وایلێنەکردوە کە چۆک دابدات، بەڵکو پاش دابڕانێکی زۆر، گەڕاوەتەوە سەر خوێندن و هاوشانی خوێندنەکەشی لە پیشەکەی بەردەوامە.

وتی: «بەهۆی دروستکردنی خێزان و بونم بەدایک، نەمتوانی لەدوای قۆناغی ئامادەییەوە بەردەوام بم لەخوێندن، تا دواجار لە ساڵی ٢٠١٣ دەستم کردەوە بەخوێندن، ئێستا خوێندکارم لە قوناغی چوارەمی بەشی وەرزش لە پەیمانگای وەرزشی گەرمیان».

لە ئامارێکی بەشی مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان کە وێنەی دەست ڕۆژنامەی (نەوژین) کەوتوە، ئاشکراکراوە کە لە سەرەتای دروستبونی بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیانەوە تاکو سەرەتای مانگی تەموزی ٢٠١٧، (٦٤٩٠) ژن مۆڵەتی شۆفێریان وەرگرتوە لە جۆری تایبەت، هاوکات (٧٢) ژنیش مۆڵەتی گشتییان وەرگرتوە.

سەرباری ئەوەش، ژمارەی ئەو ژنانەی کە مۆڵەتەکەیان بەکاردەهێنن بۆ پیشەو وەکو سەرچاوەی بژێویی، زۆر کەم و دەگمەنن.

نەخشە، ئاماژەی بەوەکرد کە لە ساڵی ٢٠٠٧ وە مۆڵەتی گشتیی شۆفێریی دەرهێناوە، لەوکاتەوە تائێستا بەردەوامە لە لێخوڕینی ئۆتۆمبیل، سەرەتا بە ئۆتۆمبیلی تایبەت و پاشان بە ئۆتۆمبیلی مینی پاس، ئاماژەی بەوەشکرد کە لەوەوپێش ئۆتومبێلی گەورەی لێخوڕیوە.

«مرۆڤ ئەگەر هەوڵبدات، دەتوانێت بگات بەوەی دەیەوێت»

بەردەوام ژنان کەدەیانەوێت دەست بە ئیشێک بکەن، زیاتر لە ڕەخنەو قسەو توانجی خەڵکی، خەمی ئەوەیانە کە تاچەند لەماڵەوەو لەنێو خێزانەکەی خۆیاندا پشتگیرییان دەکرێت. ئایا بۆ نەخشە حاڵەتەکە چۆن بوە؟

وتی: «من بەپێچەوانەوە خێزانەکەم زۆر هاوکارم بون، بەتایبەت هاوسەرەکەم، ئەو لە کارەکەم وخوێندنەکەم و هەمو قۆناغ و بارێکی تری ژیانمدا پاڵپشتێکی مەزن و هاوکارێکی باشمە».

بەگشتی وا لە شۆفێریی دەڕوانرێت کە پیشەیەکی پیاوانەو پڕ کێشەیە، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وایکردوە ژنان خۆیانی لە قەرە نەدەن، بەڵام نەخشە بەپێچەوانەوە لە پیشەکە دەڕوانێت.

وتی: «تائێستا روبەروی گرفتێکی ئەوتۆ نەبومەتەوە، قسە هەر دەکرێت و کراوە، بەڵام من گوێی پێنادەم و بەردەوامم لە پیشەکەم».

بەجەختکردنیشەوە وتی: «پیشەکەی من بۆ پیاوان و ئافرەتانیشە، چونکە بۆ هەردولا پێویستە».

ئاماژەی بەوەشکرد نەک هەر سورە لەسەر کارەکەی، بەڵکو دەیەوێت گەشەو پەرەی پێبدات . بە باوەڕبەخۆبونیشەوە وتی: «مرۆڤ ئەگەر هەوڵبدات و مکوڕ بێت، دەتوانێت بگات بەوەی دەیەوێت».

(نەوژین) لە زاری ستافەکەیەوە

■ نەوژین

لەماوەی ساڵی رابردودا، ستافێک لە کچانی گەرمیان بەشدار بون لە دەرچواندنی ١٢ ژمارەی رۆژنامەی (نەوژین) وەکو تاکە بڵاوکراوەی تایبەتمەند بە پرسەکانی ژنان لە سنوری گەرمیان.

ئەم کچانە چی لە بارەی ئەزمونی خۆیان و رۆژنامەکەوە دەڵێن؟ ئەم پرۆژەیە چی بۆ سەربار کردون و چی زیاتری خستوەتە سەر ژیانیان؟ سەرەتاکانی خۆیان چۆن دەگێڕنەوەو هیوایان بۆ ئایندەی رۆژنامەکە چییە؟
لەخوارەوە هەریەکە لەو کچانە، بەچەند پەرەگرافێک، هەست و بۆچونی خۆیان لەبارەی (نەوژین)ەوە دەخەنە رو.

سەرگوڵ خەلیل:
نەوژین، سەرەتایەکی جیاواز بو

نەوژین، دەستپێکی ژیانێکی نوێ و جیاواز بو من. هاتنە نێو دنیای راگەیاندن و دەستبەکاربونم لە بوارەکەدا کە لەماوەی ١ ساڵی کارکردنمدا کەسانێکی زۆرم ناسی، کە خۆی جیاوازیەکی زۆر بو بۆم.
لەپاڵ خوێندنەکەمدا کارەکانی خۆمم وەک رۆژنامەنوسێکی نەوژین بەخۆشحاڵیەوە بەجێهێناوە. تازەترین ئەرک لەم رۆژنامەدا کە بە من سپێردرا، سەرپەرشتیکردنی ئەم ژمارەیەی رۆژنامەکە بو، کەلەساڵی دوەمەوە بڕیارمانداوە هەر مانگەو یەکێک لە ستافەکەی نەوژین، سەرپەرشتی کارەکان بکات. ئەگەرچی سەرپەرشتیاریی رۆژنامەکە بەرپرسیارێتیەکی گەورە بو، بەڵام چێژی تایبەتی خۆی هەبو.
زۆر سوپاسی باوکم و مامۆستاکانم دەکەم کە هاوکار و پاڵپشتی من بون لە کارەکانمدا.

شۆخان حەمەساڵەح سلێمان:
(نەوژین) پەیامی سەرکەوتنەکانی ژنانی ناوچەکەیە

بەشداری کردنم لە راهێنانەکان و دەستبەکاربونی رۆژنامەی (نەوژین)، سەرەتای هەڵهاتنی رۆژی ئامانج و هاتنەدی حەزی کارکردنم بوە لە بواری راگەیاندن.
(نەوژین) پەیامی خستنەڕوی کێشە و سەرکەوتنەکانی کچان و ژنانی لەناوچەکە و پیشاندانی بەکۆمەڵگە هەڵگرتوە، هەروەها دەرخستنی توانا شاراوەکانیشە.
ئەمەوێت بڵێم (نەوژین) پێی وتین چەندە کچان لەم ناوچەیە حەزو ویستی کاری راگەیاندیان هەیە ئەگەر دەرفەت و هەلیان پێ بدرێت.
ئەگەر هەستی ئارامی و خۆشی نەبێت ناتوانیت کاربکەیت، (نەوژین) ئەو هەستەی دابین کردوە، بەئومێدم ئەم کاروانە بەردەوام بێت و چەندین کچی و ژنی دی پێبگەیەنێت لەبوارەکەدا و ببێتە سەکۆی دەنگ و رەنگ و بیروڕا جیاوازەکان لەنێو ژندا.
سوپاس بۆ هەمو خوێنەر و رەخنەگرانی (نەوژین).

جوانە جەلیل:
تاکە زمانحاڵ و هیوای ژنانی گەرمیانە

(نەوژین) پردی گەیشتن بەخولیاو ئارەزوی سەدان کچی ئەم شارەیە کە بەهۆی نەبونی زمانحاڵێک نەیانتوانیوە خەم و ئازارەکانیان لەسەر پەڕەیەک هەڵڕێژن.
لەئێستادا (نەوژین) بۆتە هەڵگری خەمەکانیان و بوارێک بۆ خستنە روی تواناکانیان، کە هیچ نەبێت دەتوانن بەهرەو تواناکانیان لەکونجیماڵەوە بهێننە دەرەوە و دڵۆپێک لەدەریای خەمەکانیان بەم رۆژنامەیە بسپێرن.
(نەوژین) دەرفەتی کاری لەبواری راگەیاندن و ئاشناکردن بەمافەکانی ژنان و منداڵان بۆ چەندین ئافرەتی ئەم شارە رەخساند، کەپێشتر تەنیا چەند ئافرەتیکی دیارکراو هەبون لەو بوارەدا، بەڵام (نەوژین) رێگەی تاریکی بۆ دەیان ئافرەتی تر روناک کردەوەو و هێنانیە نێو کایەی راگەیاندنەوە و نەک هەر ئەوەش بەڵکو توانی پەرە بە تواناکانیان بدات و ببن بە رۆژنامەوانی فیعلیی.

ژینۆ عەلی:
هەمو وشەیەکی (نەوژین) خەم و ئاواتی کچێکی لەخۆ گرتوە

کارکردن لە رۆژنامەیەک کە تایبەت بو بە پرسەکانی ژنان، بۆ من کارئاسانیەک بو کە بتوانم لەخەم و ئازار و کۆژان و بەهرەو توانای ژنانی گەرمیان تێبگەم، هەر (نەوژین) بو وایکرد ئێمە هەست بە بونی خۆمان بکەین و بە هەمو خەڵکی بڵێین بەڵێ ئێمەش ئەتوانین، ئێمەش بە بەهرەین، ئێمەش توانا و هێزمان هەیە.
هەمو وشەیەکی نوسراو لە (نەوژین) دا خەم و ئاواتی کچێکی لەخۆ گرتوە کە رۆژێک لە رۆژان هیواخواز بوە لە رێی رۆژنامەکەوە دانە بە دانەی ئاواتە دێرینەکانی بکاتە وشە و بیانگەیەنێتە گوێی هەموان.
نوسراوەکانی سەر پەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە، تەنها ریزکردنی رستە و وشە نین، بەڵکو هەڵگری دەیان خەم و ئاوات و ئومێدن کە لە ناخی کچانی یەکێک لە بەرتەسکترین دەڤەرەکانەوە هەڵدەقوڵێت، ئەوان چاویان لە (نەوژین) ە کە ئومێدەکانیان گەشە پێ بدات و زیندوی بکاتەوە.

زریان محەمەد:
(نەوژین) دەربڕی ناخی ئەو ژنانەیە لەمافەکانیان بێبەش کراون

نەوژین سەرەتای ئاشنابونم بو بە تەواوی ئەو مافانەی ژنان کە زۆرێک لەژنانی شارەکەم لێی بێبەشن.
لەئێستاشدا ساڵێک تێپەڕ دەبێت بەسەر (نەوژین)دا، تەواوی ئەو هەواڵ و راپۆرت و فیچەرانەی کە لە رۆژنامەکەدا ئامادە کراوە، دەربڕی ناخی ئەو ژنانەیە کە بەهرەو توانایەک لەوجودیاندا هەبوە، بەڵام بوارێکیان شک نەبردوە بۆ خستنەڕوی بەهرەکانیان.
یاخود دەربڕی ناخی ئەو ژنانەی کە بەجۆرێک لەجۆرەکان توندوتیژیان بەرامبەر کراوە، یاخود لەمافەکانیان بێبەش کراون و تائێستەش لەتەواوی ماف و ئازادیەکانیان بێ ئاگان.
هەر بۆیە (نەوژین) منی زیاتر پەیوەست کرد بەمافەکانی ژنانەوەو زیاتریش خۆی خزاندوەتەوە نێو ژیان و کار و ئامانجەکانمەوە.

رۆژان عەزیز:
لە (نەوژین)ەوە شتی زیاتر فێر دەبیت

(نەوژین)، سەرەتایەکی نوێ بو بۆمن، پێشتر بیرم لێ نەکردبویەوە کە لەم بوارەدا کاربکەم، بەڵام دوای ئەوەی لەخولێک دا بەشداریم کرد و تێکەڵی کارەکە بوم، توانیم دەستم هەبێت لە پیشاندانی چەندین چیرۆکی نەیستراوی ژنانی دەڤەرەکەم.
بەپشتیوانی ستافی (نەوژین)، بەدڵنیاییەوە بیرفراوان دەبیت و شتی زیاتر فێر دەبیت، ئەم پرۆژەیە فێرت دەکات چۆن کێشەکان بدۆزیتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، فێری هاوڕییەتی ویەکترقوبوڵکردن و کاری بەکۆمەڵ و هاوبەشی کردین.
بەهۆی (نەوژین)ەوە زۆر کەسمان ناسی، ئاشنا بوین بە زۆر خەم و کێشەو پرس و بابەت، لەگەڵ ئەوەشدا پڕ ئومێد بوین بە زۆر چیرۆکی سەرکەوتنی ژنان، بەهیوای ئەوەم پرۆژەکەمان بۆ داهاتو بەردەوام بێت و بەرەوپێشەوەچونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت و هەمیشە وەک شوێنی ئومێد بمێنێتەوە.

سازان مستەفا:
نەوژین = ئومێد

«خولێکی رۆژنامەوانی رادیۆی دەنگ بەهاوکاری رێکخراوی NED»، ئەمە دەروازەی ناساندنی من بوو بە دونیای رۆژنامەوانی و کاری راگەیاندن.
دوابەدوای خولەکە ئەو حەز و توانایەی هەمبو بۆ کارەکە برەوم پێدا، رەنگە ئەمە ئاسان نەبێت کاتێک کچێک لەناوچەیەک وەک کۆمەڵگای داخراوی ئێمە بێتە مەیدانی راگەیاندن، بەڵام ئەوە تەنها ئیرادەو توانا و سەلماندی خودی خۆتە ئەمە دێنێتە بەرهەم کە من ئەمڕۆ لێردا کاردەکەم و بەردەوامم یان تۆیەک کە دەتەوێ ئازایەنە بێیتە مەیدانەکەوە.
بە ئومێدەوە دەستمان پێکردوەو هەر بەئومێدیشەوە بەردەوام دەبین.

پەیام جەمال:
نەوژین بەدیهێنەری خەونی چەندین کچی گەرمیانە

(نەوژین) ئەو مانگنامەیەی کە سەرکەوتن و بوێری و خەم و کێشەکانی ئافرەتانی سنوری گەرمیانی لە خۆ گرتوە. بەدیهێنەری خەونی چەندین کچی ناوچەی گەرمیانە لە بواری رۆژنامەوانیدا کە توانیویانە بەشێک لەو چیرۆک و کیشە و راستیانە بخەنە رو کە رویان داوە.
(نەوژین) دەرفەتی ئەوەی پێدام کەبتوانم ئەو خەون و ئارەزوەی لە بواری رۆژنامەوانیی دا هەمە، بەدیی بێنم و پەرەی پێبدەم، هەروەک دەستەیەک لە کچانی دڵسۆز و خەمخۆر بناسم و پێکەوە بەشدار بین لە پرۆژە و هەوڵێک بۆ بەرەوپێشەوەبردنی رەوشی ژنان لەم ناوچەیە.

پەیام لەتیف:
(نەوژین) خولیا پەنگ خواردوەکانی کچانی هێنایە دی

خەونی چەندین کچی گەرمیان، کارکردنە لەبواری راگەیاندن و روژنامەوانی، کە رەنگە ئەو دەرفەتە کەم بڕەخسێت بەهۆی کەمی دەزگای راگەیاندن، یان ئەوانەشی کەهەن زیاتر حزبین و رەنگە هەندێک لەکچان حەز نەکەن کاری تێدا بکەن.
بەڵام دەرچواندنی (نەوژین) خەونی من و دەیان کچی تری هینایە دی، کە هەمومان پێشتر کاری روژنامەوانیمان نەکردبو.
بە پراکتیک کارکردنی کچان لەبواری کاری رۆژنامەوانی و بەمەیدانی کارکردن لەو بوارەدا، ئامادەکردنی دەیان راپۆرت و بابەت لە روژنامەکەدا لەرێگەی ئەم کچانەوە، دەرخەری ئەو راستیەیە کچان حەزیکی زۆریان بۆ کارکردن هەیە و (نەوژین)یش ویست و خولیا پەنگ خواردوەکانی ئەوانی هێنایە دی.

ئالا عەزیز:
هەنگاوێکی بچوک و ئەزمونێکی گەورە

(نەوژین) لەهەنگاوێکی بچوکەوە ئەزمونێکی گەورەی فێرکردم، هۆکارێک بو بۆ زیاتر برەودان بە تواناکانمان، بەتایبەت کە ئێمە پێشتر ئەزمونێکی وەها کاری رۆژنامەوانیمان نەبو.
فێری کردم هەست بە بەرپرسیارێتی بکەم بەرامبەر ئەو ئەرکانەی پێم دەسپێردرێت.
سەرکەوتنی (نەوژین) فێریکردین لەهەوڵدان نەوەستین و بەردەوام بین بەرەو هەنگاوی گەورەتر و رۆشتن بەرەو سەرکەوتنی زیاتر.



سوزان خەلیل:
(نەوژین) ژیانێکی نوێ بو بۆ ئێمە

(نەوژین) دەستپێکی کاری رۆژنامەوانیی من بو. لە دەستپێک دا ئەزمونێکی جیاواز بو بۆ من، چونکە پێش (نەوژین) لە هیچ جێگایەک کاری راگەیاندنم نەکردبو، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم توانیم ئەزمونێکی باشی رۆژنامەوانی بەدەست بهێنم و پەرە بە کارەکەم بدەم، چونکە کارێکی زۆر خۆشبو بەلامەوە.
(نەوژین) وای لێ کردین هەست بە زۆر شت بکەین، ستافی (نەوژین) پاڵپشتیکەرێکی زۆر گەورەی من بون.
ئەم کارە رەنگە لە ناوچەی گەرمیان کەمێک ئەستەم بێت، چونکە لەم کۆمەڵگایەدا کاتێک کچان لە بواری راگەیاندندا کار دەکەن، روبەڕوی قسە و توانج دەبنەوە، بەڵام ئێمەی ستافی (نەوژین) بێ گوێدانە ئەو قسانە، هەر بەردەوامین.

منداڵانی خورماتو.. قوربانیە فەرامۆشەکراوەکان

> منداڵان بەهۆی ترسەوە توشی لەرز و تا بون

> حەزەکەم بگەڕێمەوە کۆڵانەکەی خۆمان و لەگەڵ هاوڕێکانم یاری بکەم

■ نەوژین، ژینۆ خەلیل*

«ترسام وەکو دوزخورماتومان بەسەربێتەوە»، ئەمە وەڵامی منداڵێکی پێنج ساڵانە کاتێک لێم پرسی: بۆچی لەدەنگی تۆپو هاوەنەکان ترسای؟ ئەو ئەگەرچی هەوڵیشی بدایە، بەڵام نەیدەتوانی ئەو ترس و بیمەی لەدڵیایەتی، لەبەرامبەر شەڕ و ئاوارەبون بشارێتەوە.

منداڵانـــی خورماتو، ڕەنگە زیاتر لەهەمو کـــەس، قوربانی ئـــەو ئاڵۆزیانە بن کە قەزاکەیانـــی لـــە ناوەڕاســـتی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمســـاڵدا گرتەوە. ئەوان ســـەرباری ئـــەوەی ئاوارەیـــی لەزێد و ژیانی ئاسایی خۆیانی دابڕیون، هاوکات بەهۆی شـــەڕو ئاڵۆزییەکانەوە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان لا دروســـت بوە، ئەمە ســـەرباری نەخۆشـــی و نەبونی پێداویستی ژیانیان.

شەپۆل شـــاکر،٥ ســـاڵ، بە بەرائەتی منداڵانەی خۆیەوە، باسی لە بەرەبەیانێکی ئاوارەیی خۆیان کـــرد «بەیانی لەخەو هەستام لەگەڵ دایکم نان و چام خوارد و دواتر لەخێمەکە هاتمە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانم یـــاری خەتخەتێنمان دەکرد، لەناکاو گوێمان لەزرمەی تۆپ بو، بو بە دوکەڵان، خێرا یارییەکەم بەجێهێشتو ڕامکرد باوەشم بەدایکمدا کرد».

ئەو دەنگە یەکەمجار نییە دەیبیستێت، بەڵکو دەنگێکە هەرکاتێک دەیبیستێت، ئاوارەیـــی و تـــرس و هەڵهاتنـــی بیر دێنێتەوە. وتـــی: «دەنگەکە وەکو ئەو ڕۆژە بـــو کە لە دوز ڕامانکرد، بۆیە ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوەو ترسام دوبارە وەکو دوزمان لێببێتەوە».

ســـومەیە، ئەگەرچـــی تەمەنی تەنها ٤ ساڵە، بەڵام ئەو ساتەی لەبیر ناچێت کە بە پەلە پرۆزێ خورماتویان بەجێهێشت. بـــۆ (نەوژیـــن)ی گێڕایـــەوە «باوکم هەمومانـــی خســـتە نـــاو ماتۆڕەکەی، بەماتۆڕەکـــەی ڕامانکردو تاگەیشـــین هەردەگریام، دەترســـام بمرم، هەروەها زۆر سەرمام بو و دەلەرزیم».

منداڵانـــی ئـــاوارە لەبارێکـــی دەرونـــی خراپدا ژیان دەگوزەرێنن جیا لەنەبونی پێداویســـتییەکانیان وەکـــو جلوبەرگ و ڕاخەر و شـــیر و خـــواردن، هەروەها ئاوارەبونیـــان بوەتە ڕێگـــر لەبەردەم پرۆســـەی خوێندن بەهۆی خراپی باری داراییان.

چرۆ ئاســـۆ، ٧ ســـاڵ، بەزۆر دەیتوانی قســـە بکات و لەتـــرس و بیمدا هەمو گیانی دەلەرزی. وتی: «لەبەر دەرگابوم کاتێک دەنگی تۆپەکان هات یەکســـەر بورامەوە نەمزانی دواتر چی ڕویدا».

چـــرۆ، بەهۆی ئاوارەبونیـــان و خراپی دۆخی ئابوریـــان، ئەمســـاڵ نەچوەتە بەرخوێنـــدن. دایکی پێـــی وتم بەهۆی ترس و ســـەرماوە سێ ڕۆژە نەخۆشە و لەکاتی ئاراستەکردنی تۆپەکانی حەشد و خۆبەخشـــەکان، (چرۆ) لەبەردەرگا بوەو بوراوەتـــەوە، بەدەم خەوەوە هەر دەڵێت: «هاتن بابڕۆین».

منداڵانـــی ئاوارەی خورماتو کە بەشـــی زۆریان لە ناحیەی زینانە لەنێو خێوەتدا لەگەڵ خێزانەکانیان گیرساونەتەوە، جگە لە بارە دەرونی و ژیانیەکەیان، هاوکات لەرەوشێکی خراپی تەندروستیش دان و مەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشییان تێدا دەکرێت.

ســـەراب، دایکی یەکێک لە منداڵەکانی زینانـــە بـــو، بـــۆ (نەوژیـــن) وتـــی: «منداڵەکانمـــان ئەســـپێ کەوتوەتـــە سەریان، شـــوێنێک نییە بیانشۆم، دو جار منداڵەکانم شتوە ئەویش لەمزگەوتی زینانە چوار ڕۆژ ســـەرەم گرتوە بۆیان، ئـــاوی گـــەرم بـــەش نـــاکات چونکە زۆربەی ئاوارەکان لەمزگەوتەکە خۆیان دەشۆن».

ئەم مەترسیە تەندروستیە، کارمەندێکی بنکـــە تەندروســـتیەکەش جەختـــی لێکردەوە.

نەهرۆ محەمەد، کارمەندی خۆبەخشـــی بنکەی تەندروستی وارانی، بۆ (نەوژین) وتـــی: «منداڵانـــی ئـــاوارە لەبارێکـــی دەرونـــی زۆر خراپـــدان بەتایبەت لەم هەفتەدا بەهـــۆی تۆپبارانکردنی ناوچە سنورییەکانی دوزەوە».

وتیشی: «منداڵان بەهۆی ترسەوە توشی لەرز و تا بون و هەروەها بەهۆی ئەوەی چەند شـــەوێک لەدەرەوە لەبەر سەرما ماونەتەوە توشی سکچون بون، زۆربەی منداڵان بەهۆی نەگونجاوی شوێنەکانیان بۆ ژیان، بەردەوام نەخۆشن».

پێش ئەوەی ناحیەکە بەجێبێڵم، چاوم بـــە کچێکـــی تەمەن ٥ ســـاڵان کەوت بەناوی (مەروە). لێمپرسی: حەزەکەی بڕۆن بۆ کوێ؟ بە دڵخۆشیەکەوە وتی: «حەزەکـــەم بگەڕێمـــەوە کۆڵانەکەی خۆمان و لەگەڵ هاوڕێکانم یاری بکەم».

لەکاتێکـــدا باوکی بۆی باســـکردم کە ماڵەکەیان لە خورماتو تەقێنراوەتەوە. بـــە دڵتەنگیەکـــەوە وتـــی: «ئێســـتا نەماڵمان هەیەو نەحاڵ».

* ئەندامی تیمی ڕێکخـــراوی وادی لە گەرمیان

بەم ڕێگایانە پەروەردەیەکی دروستی منداڵەکەت بکە

■ نەوژین

بەردەوام یەکێک لە خەمە گەورەو سەرەکیەکانی دایک و باوک، پەروەردەکردنێکی دروستی منداڵە، بۆ ئەوەی لە بانەڕۆژ دا وەکو کەسێکی سەرکەوتو و خاوەن کەسایەتی دەربکەوێت و کەمترین کێشە ڕوبەڕوی خۆی و خێزانەکەیشی بکاتەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە چی بکرێت بۆ ئەوەی ڕەنگرێژی بۆ پەروەردەیەکی دروستی منداڵەکانمان بکەین؟

لـــەم بابەتـــەدا کـــە لـــە وێبســـایتی (almrsal.com.) وەرمانگێـــڕاوە، ١٠ بنەمـــای گرنـــگ و پێویســـت لـــە پەروەردەیەکی دروستی منداڵ دەخەینە ڕو.

١. گرتنەبەری هاوسەنگیی

هەندێک دایـــک و باوک وادەزانن ئەگەر توند بن لەگەڵ منداڵەکانیان و بەردەوام دەستیان بەسەر سەریانەوە بێت، ئەوا منداڵەکەیان باش و پەروەردە دروســـت دەبێـــت، بەڵام ئەم بۆچونە نەک وانیە، بەڵکو هەڵەیـــە، چونکە ئەمە وادەکات منداڵ زۆرجار چاوقایم دەربچێت و ڕێزی هیچ بنەما و بابەتێک نەگرێت و لاساریی بکات.

باشترین ڕێگە، گرتنەبەری هاوسەنگییە. بەومانایەی لەیەک کاتدا دایکان و باوکان نەرم و توند بن «توند نەک توندوتیژ». بەو واتایەی ئازادیـــی لەهەندێک بواردا پێبدرێت و لەهەندێـــک بواری دیکەش دیسپلینی بۆ دابینرێت.

٢. پێش منداڵ ئاگاداری خۆتان بن

پێویســـتە دایک و بـــاوک پێش ئەوەی ئاگایان لـــە ڕەفتاری منداڵەکانیان بێت، ئاگایان لە ڕەفتاری خۆیان بێت، چونکە ئـــەوان وەکو ئاوێنەیەکن بـــۆ منداڵ کە خۆی تێدا دەبینێتەوە.

٣. ڕێزگرتنی نێوان دایک و باوک

بەوپێیەی دایک و باوک پێشەنگی منداڵن، بۆیە دەبێت بەردەوام ڕێزی نێوان خۆیان بپارێزن بەتایبەتی لەکاتی بونی کێشەو ناکۆکی نێوانیان. دەبێت دور بکەونەوە لەبەکارهێنانی دەستەواژەی بریندارکەر و نەشیاو، بۆئەوەی منداڵەکەش هەست بـــە نائارامیی نـــەکات و ڕێزی دایک و باوک لەدەست نەدات.

٤. ڕێزگرتنـــی منداڵ لەبەرامبەر خەڵکی دا

یەکێک لە هەڵـــە باوەکان کە دایکان و باوکان دەیکەن، باسکردنی خراپیەکانی منداڵەکەیان و شاندنەوەیەتی لەبەردەم کەسانی تر، ئەمەش وادەکات ئەو منداڵە هەســـت بە شەرمەزاریی بکات، بەمەش کەسایەتی خۆی لەدەست دەدات.

بۆیە هەرگیـــز منداڵەکەت لەپێش چاوی خەڵکی دا ئیتر ئەو خەڵکە خزم و کەس بن یان نا، لۆمەو سەرزەنشت مەکە.

٥. پێزانین و پاداشتکردن

گرنگـــە منـــاڵ ناوەنـــاو پێزانینـــی بۆ دەرببڕێـــت و خەڵات بکرێـــت، ئیتر چ بەهۆی ســـەرکەوتنێکەوە بێت لە بواری پـــەروەردە، یـــان بەهـــۆی ڕەفتارێکی باشـــەوە، بۆئـــەوەی ئـــەم ڕێچکـــەی سەرکەوتن و ڕەفتار باشییە بەرنەدات و هانی بدات بەردەوام بێت لەسەریان.

٦. ڕاهاتن بە گفتوگۆ و باوەڕپێهێنان

بـــەردەوام هەوڵبـــدە گفتوگـــۆ لەگەڵ منداڵەکەت دا بکەو ڕای خۆتی بەسەردا فەرز مەکـــە، بەڵکو لەبری فەرز کردن، هەوڵبدە قەناعەتی پێبێنیت. هیچ کات هەوڵ مەدە بەتوندوتیژی و دیکتاتۆری خـــۆت بســـەلمێنی، بەڵکـــو هەوڵبدە قەناعەت بە منداڵەکەت بێنی لە ڕێگەی گفتوگۆ و بەڵگەو قسەی قایلکەرەوە.

٧. ئازادیی

بـــەردەوام دایکان و باوکان ســـڵ لەم وشـــەیە دەکەنـــەوە، وایان پێخۆشـــە منداڵ هـــەر لەژێر ڕکێفی خۆیاندا بێت و هەندێکجاریش بەهانە دێننەوە کە منداڵان بونەوەرێک نین ئازادییان پێبدرێت هەر لە ئێستاوە.

بەڵام ئەم بۆچونە هەڵەیە، چونکە منداڵ وەک هـــەر بونەوەرێکی تر، پێویســـتی بە بوارێک لە ئازادیی هەیە، بەتایبەتی ئازادیی لە هەڵبژاردنی: هاوڕێ، جۆری یاریـــی، ئارەزوەکانـــی، جلوبـــەرگ و ...هتد.

٨. دیاریکردنی سنور

زۆر گرنگـــە منداڵ هـــەر لەمنداڵیەوە بە بنەما گرنگەکان ڕابهێنرێت و سنورەکانی پیشان بدرێت و بۆی دەوبارە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی منداڵ ئەو سنورانە نەبەزێنێت کە هـــەم لـــەروی پەروەردەیی و هەم لـــەروی کۆمەڵایەتیـــی و خێزانییـــەوە بەزاندنی خراپە.

٩. هاوڕێی منداڵەکەت بە

زۆرگرنگـــە لەبـــری ئـــەوەی دایـــک و بـــاوک وابیانەوێـــت کە باڵادەســـت بن بەســـەر منداڵەکەیاندا، هاوڕێی بن. ئەم هاوڕێیەتییـــە جۆرێک لـــە ئارامیی بە منداڵەکە دەبەخشێت و وادەکات لەکاتی بونی هەر کێشـــەو خـــەم و گرفتێک، دەگەڕێتەوە لای دایک و باوک و ڕاوێژیان پێدەکات.

١٠. خۆشەویستیی پێبدە

زۆرجـــار دایکان و باوکان خۆیان بەدور دەگـــرن لەپێدانـــی خۆشەویســـتی و دەربڕینی بـــۆ منداڵەکەیان، کە ئەمەش هەڵەیە. چونکـــە دەبێت دایک و باوک خۆشەویســـتی خۆیان بـــۆ منداڵەکەیان بخەنـــە ڕو، ئەمـــەش بـــە ڕەفتار نەک بە گوفتـــار، واتا منداڵەکە هەســـت بە خۆشەویســـتییان بـــکات. ئەم خاڵەش دەبێتە هۆی گەرموگوڕ بونی پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک و باوکی و هەروەها هەســـتکردن بە ئارامیی و خۆشەویست بونی خێزانەکەی.

ئاهێکی قوڵ
بۆ ئازاری ئەو ژنانەی نەخۆشی دەرونیان هەیە

ژنێک لە چەشنی فریشتە

▪ ئاسیا حسێن

ئەگەر بڕیاربێت ژن و ژنبون هێمابێت بۆ میهرەبانیی و سۆز، ئەوا ئەم پەیامە ژنێکی هیندیی بە مانای وشە لەخۆی و کارەکانیدا بەرجەستەی کرد. ژنێک کە تا دوا ساتەکانی ژیانی، تەمەنی خۆی لە پێناو مرۆڤایەتی و خزمەتکردن بە کەسانی لێقەوماو تەرخانکرد، ژنێک کە دەشێت ناوی بەرین بەوەی چەشنێک بوە لە فریشتە، ئەو ژنەش (دایکە ترێسا)یە.

دایکە ترێسا (١٩١٠-١٩٩٧)، ئەو ژنەی فریشتە ئاسا بەبێ گوێدانە جیاوازی ئاینیی و نەتەوەیی و ڕەگەزی، هەمو تەمەنی لە پێناو خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی بردە سەر. بۆیە ناسراوە بە دایکی هەژاران. ترێسا لە یەکێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا لەدایک بوە و زۆرترین ماوەی ژیانی لە هیندستان بەسەر بردوە.

سەرەتای کاری خێرخوازی ترێسا لەساڵی ١٩٥٠ بوو، ڕێکخراوێکی خێرخوازی دامەزراند لەگەڵ کڵێسایەکی کاتۆلیکی کە زیاد لە ٤٥٠٠ خوشکی لەخۆگرتبو. ئەو کڵێسا بو بە ماڵێک بۆ ئەو کەسانەی کە توشبون بە نەخۆشیەکانی (ئایدز و سیل و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی تر). لە کڵێساکەدا چێشتخانە و دەرمانخانەی بۆ نەخۆشەکان دابین کردبو.

دایکە ترێسا هەمیشە دەیوت: «من دانیشتوی هیندستانم، مەسیحیەکی کاتۆلیکیم، بەڵام هەموو جیهان بە ماڵی خۆم دەزانم».

ترێسا پێنج زمانی بەباشی دەزانی (بەنگالی، ئەلبانیی، سربیی، ئینگلیزیی و هیندیی). هەمیشە بۆ خزمەتکردن بە مرۆڤایەتیی و بەتایبەت مرۆڤە هەژارەکان لەسەفەردا بو. بۆ نمونە لە گەرمەی داگیرکاریەکانی بەیروتدا، لە ساڵی ١٩٨٢، یارمەتی کارمەندەکانی کۆمیتەی خاچی سوری دەدا تا منداڵان بگەیەننە نەخۆشخانە و چاودێری منداڵەکانی دەکرد تا ئەو کاتەی سەلامەتی خۆیان بەدەست دەهێنایەوە.

بۆیەکەمین جار لەساڵی ١٩٦٢ حکومەتی هیندی بە ڕەسمی دانی بە چالاکییەکانی ترێسادا نا و هەر لەو ساڵەدا بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشی. پاشان ژیاننامەکەی لەلایەن (نوین چاولادر)ەوە نوسرا و بڵاوکرایەوە.

لە هەفتا و هەشتەمین ساڵیادی لەدایکبونیدا، حکومەتی هیندی یادی لەدایکبونی ترێسای بەرز ڕاگرت و بۆ ئارامی ڕوحی ئەو بڕی ٥ سکەی بەخشی بە هەمو ئەو کەم دەرامەت و نەخۆشانەی لە کڵێساکەی ترێسا دەژیان.

لەساڵی ١٩٦٢، دوای ئەوەی ترێسا چەندین هەوڵی خۆبەخشی لە باکور و باشوری کیشوەری ئاسیا ئەنجام دا، خەڵاتی (ڕامون)ی ئاشتی نێودەوڵەتی پێ بەخشرا. پاشان لەلایەن ئەوروپا و ئەمریکاوە چەند خەڵاتیکی تری پێ بەخشراوە. باڵاترین خەڵاتەکانی ترێسا، خەڵاتی نۆبڵێ ئاشتی بو کە لەساڵی ١٩٧٩ وەریگرت بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانەی لە ماوەی تەمەنیدا بۆ کەسە هەژار و نەخۆشەکانی ئەنجام دابون. ئەوکاتەی کە خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا، وتی: «ئێمە هەمیشە ئەتوانین هەوڵبدەین بۆ باشترکردنی جیهان، هەمومان ناتوانین ئیشی مەزن بکەین ، بەڵام دەتوانین ئیشی بچوک بکەین بە خۆشەویستیی مەزنەوە».

ترێسا، لە ماوەی ژیانیدا چەندین هەڵوێست و کاری جیاوازی ئەنجامداوە کە سەرجەمیان بۆ پاراستنی ئاشتی و سەلامەتی مرۆڤایەتی بوە، بۆ نمونە ترێسا بەتوندی دژی لەباربردنی کۆرپە دەوەستایەوە و چەندین ساڵ دروشمی (لەباربردنی کۆرپە، گەورەترین کۆسپە لەڕێگای ئاشتی جیهانی) بەرزکردەوە. هەروەها دەیوت: «لە جیهانێکدا کە دایک بتوانێت منداڵی خۆی بکوژێت، ئەنجامدانی هیچ تاوانێکی تر ئەستەم نییە».

دایکە ترێسا پێش مردنی توشی چەندین نەخۆشی دڵ و جەستەیی هات، بەڵام کۆڵی نەدا و تا کۆتا مانگەکانی ژیانی لە کڵێساکەیدا سەقاڵی خزمەتکردن بو بە مرۆڤایەتی. لە ١٣ی مارس ی ساڵی ١٩٩٧ دەستی لەکار کێشایەوە و لە مانگی سپتێمبەری هەمان ساڵ ڕوحی سپارد.

لە ڕۆژی ڕوحسپاردنیدا، هەمو هیندستان خەمبار و پرسەدار بون بە لەدەستدانی دایکێک کە بەبێ جیاوازی یارمەتی هەمویانی دەدا. حکومەتی هیندیش ڕۆژی ماتەمینی ڕاگەیاند.

نەواز شریف، یەکێک لە سەرۆک وەزیرەکانی پاکستان، لەبارەی دایکە ترێساوە دەڵێت: «ئەو ژنەی کە هەمیشە خاوەن خەون و پلانێکی بێ کۆتا بو بۆ یارمەتیدانی مرۆڤایەتی، ئەو هەمیشە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا وەکو نمونەی مرۆڤی خزمەتکار و خۆبەخش ناو دەبرێت».

▪ گوڵباخ حەسەن

پێش ئەوەی هیچ بڵێم، تەنها داواتان لێدەکەم ئەم دیمەنە بهێننە پێش چاوی خۆتان: لەکۆمەڵگایەک دا کە ژن تیایدا پلە دوەو لەژێر کۆڵێک بار دایەو دەستوپلی بە کۆمەڵێک کۆتەوە بەستراوەتەوە، کەچی ئەو ژنەش لەڕوی عەقڵیەوە ناکامڵ بێت. چ ئازار و چ موعاناتێکە؟

ئەو ژنانە دور نین لێمانەوە، لەنزیکمانەوەن، لە کۆمەڵگاکەمانن، لە گەڕەک و شوێنی نیشتەجێبونەکانمانن، بەڵام نە هەستیان پێدەکەین و نە گرنگییان پێدەدەین.

من بە سروشتی خۆم، حەزم لە بەدواداچونە بەدوای ئەو توێژانەی پەراوێزن لە کۆمەڵدا، بۆیە ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی بەدواداچونێکی ڕۆژنامەوانیم لەبارەی ئەو ژنانەی لە گەرمیان نەخۆشی دەرونییان هەیە یان باری عەقڵییان کامڵ نیە، ئەوەی لەنێو کۆمەڵدا بە «شێت» ناودەبرێن. بەرلەوەی بابەتەکە ئامادە بکەم، قەبارەی خەم و ژانی ئەو توێژە وا تەنگی پێهەڵچنیم کە بەم وتارە گوزارشت لە بەشێکی ئەو خەم و ژانە بکەم، چونکە وەک دەزانن لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیدا بواری ڕاوبۆچون و هەستی کەسیی نوسەر و ئامادەکار، تەسک و ڕێگەپێنەدراوە.

بەپێی ئەو ئامارەی بەدەستم کەوتوە، لەسنوری گەرمیان سەروی هەزار کەس هەن کە باری دەرونی و عەقڵیان شێواوەو جێگیر نییە، زۆرینەی ئەم ڕێژەیە لە ڕەگەزی مێن. بەڵام ئایا ئەم توێژە کە خۆشیان نازانن چین و بۆ وان، چۆن خەمیان خوراوەو چیان بۆ کراوە یان دەکرێت؟

وەڵامەکە بە ئاسانی: هیچ!

لە بەڕێوەبەری گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیانم پرسی: حکومەت چی بۆ ئەم نەخۆشانە کردوە؟ لەوەڵامدا وتی: «جگە لە موچەیەکی کەمی مانگانە، هیچی تر».

ئەوەی من لە خستنەڕوی ئەم داتا و ئامارەو هەروەها لەوتەی بەڕێوەبەری گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی مەبەستم بو، قەتیسکردنەوەی پرسەکە نییە تەنها لەچوارچێوەیەکی دارایی و مادیی دا، نەخێر، بەڵکو ویستم بزانم ئەم توێژە کەس خەمی لێدەخوات؟

ئەوە بۆمان ڕون بویەوە کە حکومەت خەمی کەسی نییە هەتا هی ئەوانی هەبێت، بەڵام ئایا کۆمەڵگە چی؟

کۆی کۆمەڵگەی کوردی تێڕوانینێکی زۆر دواکەوتوانەی هەبوە بۆ نەخۆشانی دەرونی لەئێستا و ڕابردودا، جا ئەگەر نەخۆشەکە ژنیش بێت باجدانی زیاتربوە.

ئەوەی ئەبینرێت ئاسۆ بۆ ژیانی ئەم توێژە تادێت تاریک تر ئەبێت، ئەوەندەی دەرونی ئەم جۆرە نەخۆشانە ئاڵۆز کراوە، یەک ئەوەندە هەوڵی چارەسەرکردنی دۆخ و باشکردنی ژیانیان نەدراوە. چارەسەر کردنیان لە ڕابردو و ئێستادا زیاتر پەنابردن بوە بۆ ڕێگە خورافیەکانی لەبابەتی (دوعا و نوشتەکردن)، یاخود بەستنەوەیان لەماڵی شێخ و تەکیەکانیان، کە چەندین لێکەوتەی خراپی بەدوای خۆیدا بەجێهێشتوەو زۆرجاریش بەهۆی لێدانی و ئەشکەنجەی زۆرەوە چەندین ژن لەبەردەستی بەناو شێخ و سەید و مەلاکاندا مردون یان زیاتر باری دەرونیان شێوێنراوە.

لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەک کۆمەڵگەی کوردیدا حاڵەتەکە گەیشتوەتە ڕادەیەک کە بەڕێوەبەری مافی مرۆڤی گەرمیان دەڵێت: بەهۆی نەبونی شوێن و لە بەرچاوگرتنی زروفی کۆمەڵگا، لە ماوەی سێ ساڵی دوایدا زیاتر لە ١٧ حاڵەتی دەستگیرکردنی ئەو کەسانە هەبوە لە سنورەکەدا، بەڵام کارەسات ئەوەیە چونکە شوێنێک نەبوە بۆ مانەوەیان، بەناچاری تەوقیف کراون و خراونەتە زیندانەوە!

لەخۆنەگرتنی ئەم ژنانە و پشتگوێخستنیان لەلایەن کۆمەڵگە و حکومەتەوە، بوەتە هۆکاری ئەوەی چەندین ژن کە باری دەرونیان تەواو نیە، کەسوکاریان بە ناچاری بە زنجیر بیانبەستنەوەو لەماڵەوە بەندیان بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە بونی ئەو نەخۆشانە لە ناو خێزانەکاندا تەواوی ئەندامی خێزانەکانی نەخۆش کردوە، بەڕادەیەک خەریکە خێزانێک لەبەر بونی نەخۆشێک لە ماڵەکەیاندا و لەبەر نەبونی چارەسەر، لێکهەڵدەوەشێتەوە.

دەبێ بپرسین: ئەم هەمو ناحەقی و دەردە کە زۆرجار خۆمان بە دەستی خۆمان دروستمان کردوە بۆ ئەم نەخۆشانە، بۆ؟ لەبیرکردنی ئەم توێژەو چارەسەر نەکردنیان و نەبونی ناوەندێک بۆ لە خۆگرتنی ئەم نەخۆشانە تاوانەکەی ئەکەوێتە ئەستۆی کێ؟

خۆمان ئەمانەمان بە مرۆڤ نەزانیوە یان سیستەم و دەسەڵاتەکە سەقەتە و نایەوێت دەست لەسەر شتە گرنگەکان دابنێت و چارەسەریان بکات؟ دەبێ بۆ ئایندە کێ هەوڵی باشتر کردن و دابینکردنی پێداویستیەکانیان لە ئەستۆ بگرێت؟

> ئەو ژنانە دور نین لێمانەوە، لەنزیکمانەوەن، لە کۆمەڵگاکەمانن

> کۆمەڵگەی کوردی تێڕوانینێکی دواکەوتوانەی هەبوە بۆ نەخۆشانی دەرونی

«لەولەب»، سود و زیان و کاریگەرییەکانی

دیدار لەگەڵ پزیشکێکی پسپۆڕی ژنان و منالبون



■ نەوژین، دونیا رەحیم

لەمیانەی ئەم دیدارەدا، د. ئەسرا نازم کەرەم، پزیشکی پسپۆڕ لەنەخۆشیەکانی ژنان و منالبون و نەزۆکی، لەبارەی دانانی «لەولەب» بۆ رێگریکردن لە منالبون، قسەو رێنمایی پێویست بۆ (نەوژین) دەخاتە رو.

* سەرەتا بابزاین لەولەب چییە و لەچی پێکدێت؟
لەولەب ماددەیەکی ژەهراویە لە مس دروست کراوە کە تۆی رەگەزی نێرینە دەکوژێت، بەمەبەستی ئەوەی رێگری بکات لە پرۆسەی دروستبونی منال.

* ئافرەت گەر بیەوێت رێگە لە منالبون بگرێت، تاچەند سود لەدانانی لەولەب دەبینی؟
ژنان زۆرجار بۆ رێگرتن لە منالبون، «حەپی مەنع» بەکاردێنن، بەلام لەکاتێک دا ئەگەر چۆنێتی بەکارهێنانی حەپەکەی لەبیرچو، ئەوکات لەولەبەکە سودی دەبێت بۆی، بەومەرجەی دەبێت ئاگاداری بێت و ٤ مانگ جارێک سەردانی پزیشک بکات، چونکە هەندێک کات لەولەبەکە ئەگەری هەیە دابەزێت و توشی هەوکردن «التهاب»ی بکات.

* کەواتا لایەنە خراپەکانی لەولەب چیە؟
وەک ئاماژەمان بۆدا، هەندێکجار ژنان توشی هەوکردن دەکات، یاخود توشی خوێنبەربون «نزیف»ی دەکات، هەندێکجار لەولەبەکە لەشوێنی خۆی دەجولێت و دێتە خوارەوە، هەندێک جاریش توشی سکپڕبونی دەرەوەی منالدان واتا دەرەوەی رەحمی دەکات.

> لەروی پزیشکییەوە واباشترە پەلەنەکرێن لە دانانی لەولەب

* ئایە هەمو ئافرەتێک دەتوانێت لەولەب دانێت یان دەبێت بەگوێرەی تەمەن ئەو کارە بکرێت؟
دانانی لەولەب گرێدراو نییە بە تەمەنەوەو هەمو ئافرەتێک دەتوانێت دایبنێت، بەلام لەروی پزیشکیی و تەندروستییەوە واباشترە پەلەنەکات لەدانانی، واتا واباشە لە دوای یەکەم منال دای نەنێت، بەڵکو دوای دوەم منال دایبنێت.

* چۆن بزانین لەولەبەکە لەجێی خۆیەتی دوای دانانی؟
ئەوکات پشکنین بۆ رەحمی ئافرەتەکە دەکەین بە ئامێرێکی تایبەت پێی دەوترێت «ئیس پەکویلەم»، لەوێوە سەیری لەولەبەکە دەکەین کەپەتێکی باریکی پێوەیە ئەگەر هاتو ئەو پەتە دابەزی بو، ئەوا ئاگەداربونەوەیە کە لە شوێنی خۆیەتی یان نە.

* وەک ئامـاژەت بۆ کرد مەبەستی سەرەکی دانانی لەولەب رێگریە لە سکپڕیی، بەلام ئایا ئەم رێگەیە گرنتییە بۆ رونەدانی ئەو حاڵەتە؟ واتا دوای دانانی لەولەب سکپڕیی رودەدات؟
بەڵێ، هەندێک کات لەدوای دانانی لەولەب سکپڕیی رودەدات، ئەگەر ئافرەتەکە دوگیان بو ئەوکات دەتوانن لەولەبەکە لابدەین.

* ئایە لەولەب رێگە لە پرۆسەی منال بون دەگرێت؟
خۆی لەولەب رێگرە لەمنال بون، بەلام ئەگەری هەیە ئافرەتەکە توشی سکپڕبونی دەرەوەی منال بکات، یان ئەو سکپڕبونەی کە لەناو بۆڕیی هێلکەدان رودەدات.

*ئافرەت دوای منال بون دەتوانێت بەچەند رۆژ لەولەب دانێت؟
دوای ٣ مانگ ئافرەتەکە دەتوانێت لەولەب دانێت، چونکە دوای منال بون رەحمی ئافرەتەکە بچوک دەبێتەوە و دەڕواتە جێگەی خۆی.

* لەولەب بۆ چی تەمەنێک گونجاوە؟
ئافرەت دەتوانێت لەولەب دانێت تا دەبێتە ٥٠ ساڵ، ئەگەر ئافرەتەکە لەولەبی دانابێت بە رێژەیەکی زۆر کەم سکپڕیی لەلا رو دەدات، بەلام لەهەمانکات دا ئەگەر ئافرەتەکە ئیهمالی بکات و سەردانی پزیشک نەکاتەوە، ئەگەری ئەوەی هەیە توشی هەوکردن ببێت، هەوکردنەکەش بۆری منالدانی دەبەستێت و ئەوکات سکپڕیی دروست نابیت.

* لەولەب رێ لەسوڕی مانگانە دەگرێت؟
هەندێکجار لەولەب سوڕی مانگانە تێکدەدات و زیادی دەکات، چونکە لە رەحمی ئافرەت دادەنرێت.

* ئەگەر سوڕی مانگانە زیاد بکات هیچ لە لەولەب دێت؟
ئەگەر توشی خوێنبەربونی زۆر بو، لەولەبەکە دێتە خوارەوە و ئەوکات لەجێی خۆی نامێنێت.

* هەندێک ئافرەت ناتوانن لەولەبیان بۆ دابنرێت، هۆکاری چییە؟
هەندێک ئافرەت رەحمیان کورتە یان تەسکە، بۆیە لەولەبەکە ناچێتە ناو بۆڕیی رەحمیانەوە.

4 گۆڕانکاریی لە روخساردا دەبێت ژنان ئاگاداری بن

■ نەوژین

روخساری مرۆڤ بەوەناسراوە کە بەردەوام و لەگەڵ کشانی ساڵەکان و پێنانە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنەوە دەگۆڕێت، بە رادەیەک ئەگەر کەسێک روخساری نەگۆڕێت وەکو حاڵەتێکی سەیر تەماشای دەکەین و بەتوانج و ئیرەییەوە دەڵێین: «وەکو خۆیەتی و ناگۆڕێت!».

بۆیە گۆڕانکاریی لە روخساردا حاڵەتێکی ئاساییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک گۆڕانکاریی یان حاڵەتی تایبەت لە روخساری ژنان دا لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن دا دەردەکەون، کە پێویستە گرنگییان پێبدرێت و پشتگوێ نەخرێن، ئەمەش لەپێناو ئەوەی ئەو حاڵەتانە هەر بە زویی چارە بکرێن و سەرنەکێشن بۆ نەخۆشی و حاڵەتی دیکەی تەندروستی.
د.سوزان تایلۆر، پرۆفیسیۆر لە نەخۆشیەکانی پێست و وانەبێژ لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی پەنسلڤانیا لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، هۆشداری لە ٤ جۆری گۆڕانکاریی دەدات لە روخساری ژنان، کە پێویستە سەرنجیان لەسەری بێت و ئاگاداری بن. لەخوارەوە ئەو حاڵەتانە رون دەکەینەوە.

ناسک بونەوەی برۆ

ئەو پزیشکە باسلەوەدەکات کە حاڵەتی ناسکبونەوە یان کەمبونەوەی چڕی برۆ لە ژنان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن دەشێت روبدەن، ئەم حاڵەتەش چەندین هۆکار و لێکدانەوەی پزیشکیی هەیە، لەوانە رەنگە پەیوەندیی بە باش کارنەکردنی غودەی دەرەقییەوە هەبێت، بۆیە پێویست دەکات لەسەر ژنان لەم کاتەدا سەردانی پزیشک بکەن و پشکنینی پێویست بکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بنەوە لەحاڵەتەکەیان، بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ ناسکبونی برۆیان، توشی ماندو بون و هەروەها هەستکردن بە ساردیی زۆریش بون.

زیادبونی مو و زیپکە

رەنگە هۆکاری سەرەکی زیادبونی مو لە روخساری ژنان و هەروەها دروستبونی زیپکە، بۆ تێکچونی هاوسەنگیی هۆرمۆنیی بگەڕێتەوە، کە ئەمەش پەیوەندی بە بەش و پارچەی دیکەی جەستەوە هەیە، لەنێویشی دا هێلکەدان.
د.سوزان تایلۆر، پێشنیاز بۆ ژنان دەکات لەکاتی رودانی ئەم حاڵەتانەدا، سەردانی پزیشک بکەن و پشکنینی بکەن، چونکە بەتایبەتی رەنگە پەیوەندی هەبێت بە دروستبونی کیس لەسەر هێلکەدان، کە ئەمەش پەیوەندیەکی پتەوی هەیە بە مەترسی توشبون بە نەخۆشی شەکرە لەجۆری دوەم و هەروەها بەرزبونەوەی کۆلیسترۆڵ.

سوربونەوەی رومەت

زۆرجار دەشێت سوربونەوەی سەر رومەت و گۆنا، تەنها بریتیی بێت لە شەرمکردن، بەلام دەشێت هۆکاری دیکەشی هەبێت، لەوانە نەمانی سوڕی مانگانە بەتایبەت لە تەمەنی ٤٥ بۆ ٥٥ ساڵی.
لەکاتی زیاتربونی حاڵەتەکە بەتایبەت لەهاوین دا، رەنگە بریتیی بێت لە تێکچونی بەرگری ناوەکیی، کە ئەمەش نیشانەی دیکەشی هەیە، لەوانە: هەوکردنی جومگەکان و ئازاری ماسولکەکان.

> پێویستە هەندێک گۆڕانکاریی لە روخسار دا پشتگوێ نەخرێن

بۆیە بەتێبینیی و سەرنجەوە لەم حاڵەتە بڕوانەو لەکاتی پێویستدا سەردانی پزیشک بکە.

رەشێتی دەوری چاو

بونی هاڵەی رەش لە دەوری چاو، کەمجار دەبێتە هۆی دڵەراوکێ و زۆرتر حاڵەتێکی ئاساییە، بەلام د.سوزان تایلۆر، هۆشداری دەدات لەوەی کە ئەم حاڵەتە رەنگە نیشانەی ئەوە بێت کە خوێ لە خواردنەکانت دا بەزۆریی بەکاردێنیت. هەروەها دەشێت نیشانەیەک بێت بۆ بونی هەستیارییەکی درێژخایەن لە دەمارەکانی دەوروبەری چاو.
هەروەها بونی رەشایی لەدەوروبەری چاو دەشێت نیشانەی بونی هەوکردنی پێست و ماسولکەکانیش بێت.
بۆیە پێویستە سەردانی پزیشک بکەیت و پشکنینی پێویست ئەنجام بدەیت بۆ دەستنیشانکردنی حاڵەتەکەوهۆکارەکەی و دواتریش چارەسەرکردنی.

سەرچاوە:
www.dailymedicalinfo.com

هۆکارەکانی وشکبونی پێست چیە لە وەرزی سەرمادا

■ نەوژین، سێوە محەمەد

وشکبونەوەی پێست یەکێکە لەو گرفتانەی لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرما و سۆڵەدا ڕووبەڕومان دەبێتەوە. وشک بونەوەی پێستیش بێگومان بێ هۆکار نابێت، لێرەدا گرنگترین هۆکارەکانی وشک بونەوەی پێستان بۆ دەخەینە ڕو.

١. ئاو و هەوا:
بە شێوەیەکی گشتی پێست لە زستاندا توشی وشک بونەوە دەبێت، چونکە لە زستاندا ڕێژەی شێ لە هەوادا کەمتر دەبێتەوە و زۆرێک لە کێشە پێستیەکان سەرەهەڵدەدات ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان.

بەدڵنیاییەوە ژیانکردن لە ناوچە وشکەکان هۆکارە بۆ وشکبون قڵیشانەوەی پێستی جەستەی مرۆڤ، لەم ناوچانە ڕاستە پلەی گەرما نزمە بەڵام ڕێژەی شێش زۆر نزمدەبێتەوە پێست توشی وشک بونەوە دەکات.

٢. ئامێرە گەرمکەرەوەکان (هەواگۆڕەکان):
بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەرمکەرەوە وەک بوخار و سۆپا و داخستنی دەرگا و پەنجەرەکان، ڕێژەی شێ لەهەوادا کەم دەکاتەوە و پێست توشی وشک بونەوە دەکات.

٣. خۆشۆردن بەئاوی گەرم:
خۆشۆردنی بەردەوام بەئاوی زۆر گەرم و مانەوە لە گەرما و بۆ ماوەیەکی زۆر، توێژە چەورییەکانی ژێر پێست تێک دەشکێنێت، بۆیە شارەزایان پێشنیار دەکەن دەبێت هەوڵبدرێت مانەوە لەگەرماو (١٥) خولەک زیاتر نەخایەنێت، هەروەها دورکەوتنەوە لە مەلەکردن لەو حەوزانەی ڕێژەی کلۆریان زۆرە، چونکە کلۆر هۆکارە بۆ وشکبون و قڵیشانی پێست.

> ژیانکردن لە ناوچە وشکەکان هۆکارە بۆ وشکبونەوەی پێست

٤. سابون و مادە پاککەرەوەکان:
ئەم مادانە چەوری پێست کەم دەکەنەوە، لەگەڵ ئەو سابونانەی مادەی ئەنتی بەکتریایان تێدایە، هۆکارن بۆ زیاتر زیانگەیاندن بە پێست، هەروەکو چۆن شامپۆ هۆکارە بۆ وشک کردن و خوران و قڵیشانی پێستی سەر.

٥. تیشکی خۆر:
گەرمای تیشکی خۆر پێست توشی وشک بونەوە دەکات. تیشکی خۆر زیاتر کار لەتوێژی دەرەوە ڕوی پێست دەکات و دەبێتە هۆی کەم بونەوەی کۆلاجینی پێست و کونیلەکانی پێست گەورە دەکات و خێراتر تێکیان دەشکێنێت، لە ئەنجامدا پێستەکە شلوشۆڵ و چرچولۆچ و وشک دەردەکەوێت.

٦. دەرماتیک (تەرەکان):
ئەم نەخۆشیەی پێست هەمو چینەکانی پێست دەگرێتەوە، دەبێتە هۆی مردنی خانەکانی پێست و دروستبونی چینێکی ئەستوری وشکهەڵاتو. توشبوانی ئەم نەخۆشیە خاوەنی پێستێکی زۆر هەستیارو وشکن، زیاتر لەسەر پێستی دەموچاو و لێواری مل و مەچەکی دەست و ئەژنۆ و پاژنەی پێ دەردەکەوێت. زۆرێک لە توشبوانی ئەم نەخۆشی پێستیە پێیان وایە توشی وشکی پێست بون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە نەخۆشیە نەک پێست وشک بون.

چارەسەرەکان

١. پێویستە دوای خۆشۆردن ڕۆنی زەیتون یان ڕۆنی بادەم لە پێست بدرێت، هەروەها سود لە کرێمە نەرم کەرەوەکان وەربگیرێت و بەبەردەوامی بە درێژی ڕۆژ لە پێست بماڵرێت.

٢. دەتوانرێت گیراوەی ڕۆنی جگەری ماسی بەکاربهێنرێت، کەمی ڤیتامین (A) هۆکارە بۆ وشکبونەوەی پێست و ئەم ڕۆنەش ڕێژەیەکی زۆر ڤیتامین (A&D) تێدایە کە چارەسەرێکی باشە، پێویستە ئەوەش بڵێین زۆر بەکارهێنانی ئەم ڕۆنە مرۆڤ توشی ژەهراوی بون دەکات.

٣. ڕوەکی ئەلۆڤێرا مادەیەکی لینجی تێدایە بۆ پێست زۆر بەسودە، دەتوانرێت دوای خۆشۆردن یان پێش چونەدەرەوە لە ڕۆژانی ساردا لە پێستی دەموچاو بماڵرێت.

٤. هەرگیز بۆ خۆشۆردن ئاوی زۆر گەرم بەکارمەهێنن چونکە ئاوی گەرم وشکی پێست خراپتر دەکات، هەوڵبدرێت زیاتر ئەو سابون شامپۆیانە بەکاربهێنرێت کە لە مادەی سروشتی بەرهەم هێنراون وەک سابونی گلیسرین و پاککەرەوە کرێمیەکان.

٥. پێویستە ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆر ئاو بخورێتەوە بۆ ئەوەی پێست دوچاری وشک بونەوە نەبێت، لەبری خواردنەوە گازییەکان ئاو بخورێتەوە، بەشێوەی مامناوەند چا و قاوە بخورێتەوە، چونکە بونی ڕێژەیەکی زۆر لە کافاین ئاوی لەش کەم دەکاتەوە.

٦. لە وەرزی زستان نابێت کەشی ماڵەوە زۆر گەرم بکرێت، پێویستە کەشێکی ئاسایی بێت نە زۆر گەرم و نەسارد، چونکە گەرمای زۆر پێست توشی وشک بونەوە دەکات.

٧. لەکاتی چونە دەرەوە لە ڕۆژانی ساردی زستاندا پێویستە دەستکێش و ملپێچ و سەرپۆش و گۆرەوی و جلی گەرم بپۆشرێت، بۆ ئەوەی پێست لە وشکبونەوە پارێزراوبێت.

کلیۆپاترا Cleopatra

یەکێک لەو فیلمانەی کەلەسەر ژیانی کلیۆپاترا بەرهەمهێنراوە

■ نەوژین

کلیۆپاترا شاژنی میسر بو وەک جوانترین خاتون دەست نیشان کراوە لە مێژوی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا.

گەورەترین کچی پتۆلیمی یازدەیەم بو کە کاتێک باوکی مرد تەمەنی تەنها هەژدە ساڵ بو، لەو دەمەدا بو بە پاشای میسر.

لەو سەردەمەدا دابونەریتی خێزانی فیرعەونەکان وا بوە کە هاوسەرگیری لە نێوان خۆیاندا بکەن واتە لە نێوان کەسە نزیکەکانی خۆیاندا بۆ نمونە خوشک لەگەڵ برا یان کوڕ لەگەڵ دایکی خۆیدا، چونکە فیرعەونەکان بەڕادەیەک خۆیان لا پیرۆز بوە کە نەیان هێشتوە «خوێنی پیرۆزی فیرعەونەکان» برواتە جەستەی کەسێکی دور لە خێزانی فیرعەونیەکانەوە، هەربۆیە کلیۆپاترا لەگەڵ پتۆلیمی برایدا بڕیاری ئەوەیان دا کە هاوسەرگیری بکەن.

> کلیۆپاترا حەوتەمین کچی یەکێک لە پاشاکانی پتۆلیمیە

> مێژونوسەکان دەڵێن جوانیی کلیۆپاترا لە ڕادەبەدەر بوە

مێژونوسەکان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە جوانیی کلیۆپاترا جوانییەکی لەڕادەبەدەر بوە، بەڕادەیەک کە زۆربەی سیاسەتمەدار و دەسەڵاتداری ئەو کاتە نەیاندەتوانی بە جوانییەکەی هەڵنەخەڵەتێن، کلیۆپاتراش بەرامبەر ئەوەدا سودی لە جوانییەکەی دەبینی بۆ مەرامی سیاسی.

نوسەرە گەورەکان وەکو (شکسپیر و بێرنارد شۆ) بەپێزترین شانۆنامەکانی خۆیانیان لەسەر ئەم ژنە نوسیوە لەسەر بەسەرهاتی ژیان و چارەنوسی.

کلیۆپاترا شاژنی میسر بەناوبانگترین و یەکەمینی ئەو ژنانەیە کە بە درێژایی مێژو لەسەر هیچ ژنێک بەڕادەی ئەو کتێب و شانۆنامە نە نوسراوە.

بەسەرهاتی کلیۆپاترا زیاتر لە هەمو ژنێک باسکراوە و نوسراوە تەنانەت لەسەر تەختەی شانۆ هیچ ژنێک بە ڕادەی ئەو باس نەکراوە.

بە ئێستایشەوە دوای تێپەڕبونی چەند سەدەیەک، دراماکانی ئەوان لەسەر ژیانی کلیۆپاترا بە یەکێک لە سەرکەوتوترین و پڕ بینەرترین ئەو درامانە دادەنرێت کە لە ئەمریکا و ئەوروپا و تەواوی جیهان پیشان دەدرێت.

زۆر لە جارەکان بۆ نواندنی ڕۆڵی کلیۆپاترا لە فیلم و شانۆکاندا جوانترینی ئەکتەرەکانی سینەما و شانۆ هەڵدەبژێرن، بۆ ڕۆڵبینینی کلیۆپاترا.

ئەو حەوتەمین کچی یەکێک لە پاشاکانی پتۆلیمیە.

سیزار دوای سەرکەوتنی، کلیۆپاترای کرد بە شاژن و دەسەڵاتداری میسر لەگەڵ خۆی دا. بە پاپۆڕێکی گەورەوە سەفەرێکی درێژیان بە درێژایی ڕوباری نیل پێکەوە کرد کە سیزار و کلیۆپاترا یەک مانگ لەسەر ڕوباری نیل مانەوە، کە لە مێژودا بە مانگی هەنگوینی (کلیۆپاترا و سیزار) ناسراوە .

کلیۆپاترا، بەوپێیەی وەک باسدەکرێت خۆشترین ژیانی بردە سەر لە ماوەی تەمەنیدا بەتایبەت لەو کاتەدا، هەربۆیە وەک هێمایەک بۆ جوانی و خۆشگوزەرانی ئاماژەی بۆ دەکرێت.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:
شاران بەرزنجی

دەربارەی نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن ڕادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

ڕادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی ڕادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوە و پاشان وێبسایتێکی داناوە.

ڕۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی ڕادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

ڕۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەیەکی ڕادیۆی دەنگ کە لەلایەن سندوقەکەوە پاڵپشتیی دەکرێت.

ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولێکی ڕاهێنانیان لەلایەن ڕادیۆی دەنگەوە بۆئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە:
تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

نەوزین

نەوزین
قەیرانی دارایی خەتەنەکردنی مێینە زیاد دەکات
لەگەرمیان هێنانی ژنی دووەم دەبێتەوە بە دیاردە

نەوزین
گەرمیانیەکان ژنان هەڵنابژێرن!

نەوزین

نەوزین

نەوزین
ژنانی ئەنفال، بە جەستە ماون و بە رۆح کوژراون

نەوزین
Happy

نەوزین

نەوزین

نەوزین

نەوزین
2013
2014
2015
2016
2017

نەوزین
UNHCR
UN Refugee Agency
کچانی گەرمیان هیچ گۆرەپانێکیان نییە بۆ وەرزشکردن

نەوزین